**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**
**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٨/٧/١٧**

به پشت بەستن بەحوکمی بڕگەی (٨) له ماددەی (٥٦)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، ژماره (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و بڕیاری ژماره (١٠)ی ساڵی ٢٠١٤، پەرلەمانی کوردستان له دانیشتنی ئاسایی ژماره (٨)ی ڕۆژی ٢٠١٨/٧/١٧، ئەم (پەیڕەوی ناوخۆ)یەی پەسندکرد:

## پەیڕەوی ناوخۆی
## پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## بەشی یەکەم
## پێناسەکان

**ماددەی (١):**

ئەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانیان له بەرامبەریاندا نووسراوە:

**هەرێم:** هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**پەرلەمان:** پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

**سەرۆك:** سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

**دەستەی سەرۆکایەتی:** دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان

**ئەندام:** ئەندامی پەرلەمان

**دانیشتن:** کۆی گشتی ئەو کۆبوونەوانەیە، که له ڕۆژێکدا دەبەسترێن.

**خولی پەرلەمان:** ماوەی ویلایەتی پەرلەمان

**پەیڕەو:** پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان

**سەرۆك وەزیران:** سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**ئەندامانی ئه نجومەنی وەزیران:** جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان دەگرێتەوە.

**پرۆژە یاسا و بڕیار:** پرۆژەی ئەو یاسا و بڕیارانەیە، که له لایەن (١٠) ده ئەندام پەرلەمان، یان دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یان دەسەڵاتی دادوەریی، به مەبەستی دەرچواندن، ئاڕاستەی پەرلەمان دەکرێن.

## بەشی دووەم
## پێکهاتە و دانیشتنەکانی پەرلەمان

**ماددەی ( ٢ ):**

**یەکەم:** پەرلەمان لە هەرێمدا ، باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە، مەرجەعی سیاسی و یاساییە و ئەو دەسەڵاتانە پیادە دەکات، کە لەم پەیڕەوە و لە یاسا کارپێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێدراوە.

**دووەم:** پەرلەمان ، لە ژمارەیەك ئەندام پێکدێت، بەو پێیەی ، کە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کورستاندا ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو هاتووە و بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێررێن و نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان ـ عێراق دەکەن.

**ماددەی ( ٣ ):**

پەرلەمان ، دانیشتنی یەکەمی خۆی ، لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی هەرێم ، لە ماوەی (١٠) دە رۆژدا ، لە رێکەوتی پەسەندکردنی ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردن دەبەستێت. لەکاتی ئاراستەنەکردنی بانگهێشتنامەکەدا ، پەرلەمان بەشێوەیەکی ئاسایی لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆی رۆژی دوای ماوەی ئاماژەپێدراو ، کۆدەبێتەوە.

**ماددەی ( ٤ ):**

دانیشتن، لە هەولێر دەبێت. دەکرێت لەسەر داوای سەرۆك ، یان دەستەی سەرۆکایەتی، یان (١٠) دە ئەندام و بەرەزامەندیی پەرلەمان، لە هەر شوێنێکی تر بێت، بە پێی پێویست.

**ماددەی ( ٥ ):**

**یەکەم:** دانیشتن ، بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ئەندامانی یاسایی دەبێت ، یاسا و بڕیارەکان ، بە زۆرینەی سادە پەسەند دەکرێن، جگە لەو یاسا و بڕیارانەی ، کە پێویستیان بە زۆرینەی تایبەت هەیە ، لەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا ، ئەو لایەنەی دەنگی سەرۆکی لەگەڵدایە ، بەزۆرینە هەژمار دەکرێت.

**دووەم:** ئەگەر رێژەی یاسایی تەواو نەبوو ، سەرۆك کردنەوەی دانیشتنەکە ، بۆ ماوەیەك دوادەخات ، ئەگەر رێژەکە هەر دەستەبەر نەبوو، دانیشتنەکە ، بۆ کاتێکی تر ، دوادەخرێت.

**سێیەم:** ئامادەبوونی رێژەی یاسایی، بۆ دروستی دەنگدان مەرجە، بەڵام کار ناکاتە سەر بەردەوامیی کۆبوونەوەکە.

**ماددەی ( ٦ ):**

خولی پەرلەمان ، (٤) چوار ساڵە ، لە یەکەم دانیشتنەوە دەستپێدەکات و بە کۆتاییهاتنی دوایین دانیشتنی ، لە ساڵی چوارەمدا ، کۆتایی دێت.

**ماددەی ( ٧ ):**

**یەکەم:** پەرلەمان ، لە ساڵێکدا دوو وەرزی گرێدانی هەیە:

یەکەمیان ، لە سەرەتای مانگی ئادارەوە ، دەستپێدەکات ، تا کۆتایی مانگی حوزەیران و بە (خولی بەهارە) ناو دەبرێت.

دووەمیان ، لە سەرەتای ئەیلولدا دەستپێدەکات ، تا کۆتایی کانوونی یەکەم و بە (خولی پاییزە) ناودەبرێت .

**دووەم:** لە نێوان دوو وەرزی یاسادانانندا ، پەرلەمانتاران و لیژنەکان، لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا، بەردەوام دەبن.

**سێیەم:** ئەو وەرزەی گفتوگۆی پڕۆژە بودجەی هەرێمی تێدادەکرێت ، تا پەسەندکردنی بودجە بەردەوام دەبێت .

**چوارەم:** پەرلەمان ، دەتوانێت لەسەر داوای سەرۆك ، یان سەرۆکی هەرێم ، یان سەرۆك وەزیران ، یان (٢٥) بیست و پێنج ئەندام ، بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامەکانی ، ماوەی گرێدانی هەریەك لە دوو وەرزەکە ، بۆ ماوەیەك لە (٣٠) سی رۆژ زیاتر نەبێت ، درێژبکاتەوە ، ئەویش بۆ تەواوکردنی ئەو ئەرکانەی ، کە پێویست بووە وەرزەکەیان بۆ درێژ بکرێتەوە.

**ماددەی ( ٨ ):**

**یەکەم:** سەرۆك یان لانی کەم (٣/١) ، سێ یەکی ژمارەی ئەندامان ، دەتوانن ، بانگهێشتی دانیشتنی نائاسایی بکەن ، دانیشتنەکە، تەنیا بۆ تێڕوانینی ئەو بابەتانە دەبێت کە لە بانگهێشتەکەدا، دیاریکراون .

**دووەم:** سەرۆك ، لەکاتی پێویستدا ، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم ، یان سەرۆك وەزیران ، بانگهێشتی دانیشتنێکی نائاسایی دەکات.

**ماددەی ( ٩ ):**

**یەکەم:** دانیشتنەکانی پەرلەمان، بە ئاشکرا دەبن.

**دووەم:** دەکرێت، دانیشتنەکانی پەرلەمان، لەسەر داوای سەرۆك، یان (٤/١) چواریەکی ئەندامان و بە رەزامەندیی پەرلەمان، نهێنی بن.

**سێیەم:** لەکاتی پێویستدا دەکرێت، دانیشتنەکانی پەرلەمان، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆك وەزیران، بەرەزامەندیی پەرلەمان، نهێنی بن.

## بەشی سێیەم
## هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی

**ماددەی ( ١٠ ):**

دەستەی سەرۆکایەتی لە سەرۆك و جێگری یەکەم و جێگری دووەم پێکدێت.

**ماددەی ( ١١ ):**

**یەکەم:** پەرلەمان ، دانیشتنی یەکەمی خۆی ، کە لە ماددەی (٣) سێی ئەم پەیڕەوە ئاماژەی پێدراوە ، بەسەرۆکایەتی بەتەمەنترین کاندیدی دەرچووی ئامادەبوو ، دەبەسترێت.

**دووەم:** بەتەمەنترین کاندیدی دەرچووی ئامادەبوو، لەلایەن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، بانگهێشت دەکرێت دەبێتە سەرۆکی یەکەم دانیشتن، ئەرکی تەنیا بریتی دەبێت لە بەرێوەبردنی دانیشتنی یەکەم و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی.

**ماددەی ( ١٢ ):**

**یەکەم:** سەرۆکی یەکەم دانیشتن ، لە بەردەم پەرلەماندا، سوێندی یاسایی ، دەخوات.

**دووەم:** کاندیدە هەڵبژێرراوەکان ، لەبەردەم پەرلەماندا ، سوێندی یاسایی ، دەخۆن.

**سێیەم:** (سوێندخواردن)ی یاسایی سەرۆکی یەکەم دانیشتن و کاندیدە هەڵبژێرراوەکان ، بەم شێوەیە دەبێت:

**(( بەخودای گەورە سوێند دەخۆم، کە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و یەکێتی خاك و گەل و شکۆ و ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان و سامانی گشتیی بپارێزم و ئەرکی ئەندامیەتیی بەڕاستیی و دڵسۆزییەوە جێبەجێبکەم)).**

**چوارەم:** هەر کاندیدێکی هەڵبژێرراو، بە ناوەڕۆکی ئەو سوێندە یاساییەی، لەم ماددەیە هاتووە، پابەند نەبوو، دەبێت سوێندەکە، دووبارە بکاتەوە.

**ماددەی ( ١٣ ):**

**یەکەم:** لە ڕێکەوتی (سوێندخواردن)ی یاساییەوە ، کاندیدی هەڵبژێردراو ، دەبێتە ئەندام و بە دەستبەکار هەژمار دەکرێت و گشت مافێکی ئەندامێتی دەبێت و هەموو ئەرکەکانی ئەندامێتی دەکەوێتە ئەستۆ.

**دووەم:** ئەگەر کاندیدی هەڵبژێردراو، بەبێ پاساوی ڕەوا، لە دانیشتنی یەکەمەوە، بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ (سوێندخواردن)ەکە ئەنجامنەدا، مافی سوێندخواردنی یاسایی نامێنێت.

**ماددەی ( ١٤ ):**

پەرلەمان، بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامان و بە دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆ، دەستەی سەرۆکایەتی، بەپێی ئەم ڕێکارانە هەڵدەبژێرێت:

**یەکەم:** سەرۆکی یەکەم دانیشتن ، دەرگای خۆپاڵاوتن ، بۆ پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتی ، دەکاتەوە.

**دووەم:** داوا لە پاڵێوراوان دەکات، کە خۆپاڵاوتنیان ڕابگەیەنن و دواتر دەرگای خۆپاڵاوتن دادەخات و پرۆسەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات.

**سێیەم:** بەپێی پیتەکانی (ئەلفبێ)ی کوردی، داوا لە ئەندامان دەکات ، بۆ پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتی ، بەجیا دەنگ بە پاڵێوراوەکان بدەن.

**چوارەم:** ئەندام ، ناوی پاڵێوراوی خوازیاری خۆی ، بۆ هەریەك لە پۆستەکان ، لەسەر پسووڵەیەکی تایبەت بەو هەڵبژاردنە دەنووسێت و بەدەستی خۆی دەیخاتە ناو سندوقی تایبەت بەو پۆستە.

**پێنجەم:** سەرۆکی یەکەم دانیشتن کۆتاییهاتنی پرۆسەی دەنگدان ڕادەگەیەنێت و داوا لە دوولاوترین ئەندام دەکات ، بۆ جیاکردنەوەی دەنگەکان ، بە سەرپەرشتی خۆی.

**شەشەم:** ئەگەر ژمارەی دەنگەکانی دوو ڕکابەر، یان زیاتر ، بۆ هەریەك لە پۆستەکان یەکسان بوون ، پرۆسەی دەنگدان دووبارە دەکرێتەوە ، ئەگەر دیسان ژمارەی دەنگەکان یەکسان بوون بە تیروپشك پۆستەکە ، بۆ یەکێك لە پاڵێوراوەکان ، یەکلا دەکرێتەوە.

**حەوتەم:** ئەگەر ، بۆ هەریەك لە پۆستەکان ، تەنها یەك پاڵێوراوی بێ ڕکابەر هەبوو ، سەرۆکی یەکەم دانیشتن ، ڕاستەوخۆ بەناولێنان ، پاڵێوراوەکە، بۆ پۆستەکە بە سەرکەوتوو ، ڕادەگەیەنێت.

**هەشتەم:** سەرۆکی یەکەم دانیشتن ، ئەنجامی دەنگدان ، بۆ ئەندامان ئاشکرادەکات و داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێرراو دەکات، بچنە جێگەی تەرخانکراوی خۆیان.

**ماددەی ( ١٥ ):**

ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی ، لە یەکێك لەم حاڵەتانەدا پۆستەکەی لەدەستدەدات:

**یەکەم:** دەست لەکارکێشانەوە ، بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ئامادەبووانی ئەندامان.

**دووەم:** متمانەلێسەندنەوە لەسەر پێشنیاری (٣/١)ی سێیەکی ئەندامان و بەرەزامەندی (٣/٢)ی دوو لەسەر سێی ئەندامان .

**سێیەم:** لەکاتی چۆڵبوونی یەکێك لە پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتی ، کە لە برگەی (یەکەم و دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە ، تا شوێنەکەی پڕ دەکرێتەوە ، دەبێت لەکارەکانی بەردەوام بێت.

**چوارەم:** لەکاتی چۆڵبوونی پۆستی یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بەهەر هۆیەك بێت ، پەرلەمان لە یەکەم دانیشتنی دوای چۆڵبوونەکە، پۆستەکە ، بە هەمان ڕێگای کارپێکراو لەم پەیڕەوەدا پڕدەکاتەوە.

## ئەرك و دەسەڵاتەكانی دەستەی سەرۆكایەتی

**ماددەی ( ١٦ ):**

دەستەی سەرۆكایەتی، ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی هەیە:

**یەكەم:** دانان و ڕێكخستنی بەرنامەی كاری دانیشتنەكانی پەرلەمان ، بەپێی حوكمەكانی ئەم پەیڕەوە.

**دووەم:** خوێندنەوەی كورتەی كۆنووسی دانیشتنی پێشووتری پەرلەمان و ، پەسەندكردنی.

**سێیەم:** دانانی ڕێسای تایبەت بە ڕێكخستنی كۆنووسەكان و واژۆكردنی كۆنووسی كۆبوونەوەكە.

**چوارەم:** یەكلاكردنەوەی ناكۆكی پسپۆڕیەتیی (تنازع الاختصاص)، لە نێوان لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان.

**پێنجەم:** ڕاسپاردنی لیژنەیەكی دیاریكراو، بەدراسەتكردنی بابەتێكی دیاریكراو.

**شەشەم:** بڕیاردانی پەیكەری ڕێكخستنی پەرلەمان و هەمواركردنی و داڕشتنەوەی سیاسەتی دارایی و كارگێریی پەرلەمان.

**حەوتەم:** لەگەڵ دیوانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەكاندا ، بودجەی ساڵانە و ژمێرەی كۆتایی پەرلەمان ، ڕێكدەخات و بۆ پەرلەمان دەیخاتەڕوو ، بە مەبەستی پەسەندكردنی و سەرپەرشتیكردنی و جێبەجێكردنی.

**هەشتەم:** ڕەزامەندیی دەربڕین بە دامەزراندن و خانەنشینكردنی كارمەندانی پەرلەمان و ڕاوێژكار و بەڕێوەبەرە گشتیەكان لە چوارچێوەی ڕێكار و مەرجی یاساییدا.

**نۆیەم:** ڕێكخستنی پەیوەندییەكانی پەرلەمان لەگەڵ سەرجەم دامەزراوەكان و هەموو ئەو ناوەندانەی دەچنە چوارچێوەی كاری هاوبەشی پەرلەمانیی، لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم.

**دەیەم:** دەركردنی بەیاننامە و دەربڕینی هەڵوێست ، لەسەر بابەت و ڕووداو و پێشهاتەكان.

**یازدەم:** سەرپەرشتیكردنی كاروباری كارگێریی و دارایی سەرجەم نوسینگەكانی پەرلەمان.

**دوازدەم:** هەر ئەرك و دەسەڵاتیكی تر كە لەم پەیڕەوەدا پێیان سپێردراوە.

**ماددەی ( ١٧ ):**

دەستەی سەرۆكایەتی ، كۆبوونەوەی هەفتانەی خۆی دەبێت و دەكرێت لە هەركاتێكی تر كە پێویست بێت ، لەسەر داوای سەرۆك ، كۆببێتەوە.

**ماددەی ( ١٨ ):**

**ئەرك و دەسەڵاتەكانی سەرۆك:**

**یەكەم:** نوێنەرایەتیكردنی پەرلەمان و قسەكردن بە ناوییەوە.

**دووەم:** جێبەجێكردنی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەكانی پەرلەمان.

**سێیەم:** كردنەوەی خول و دانیشتنەكانی پەرلەمان، و سەرۆكایەتیكردنییان، كۆتاییپێهێنان و دواخستنیان، دەست نیشانكردنی كاتی ئەنجامدانیان.

**چوارەم:** بەرزەفتكردنی گفتوگۆكان و پارێزگاریكردن، لە ڕێكارییەكان و پارێزگاریكردن، لە شكۆی پەرلەمان.

**پێنجەم:** گرتنەبەری ڕێكاری پێویست، بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامیی ناو پەرلەمان.

**شەشەم:** خستنەڕووی ئەو بابەتانەی، پێویستیان بە دەنگدان و ڕاگەیاندنی ئەنجامەكان هەیە.

**حەوتەم:** نوێنەرایەتیكردنی پەرلەمان، لە بۆنە و ئاهەنگە نیشتیمانییەكاندا، دەشێت جێگرەكانی، یان هەر ئەندامێكی تر، بۆ ئەوكارە ڕاسپێرێت.

**هەشتەم:** سەرجەم ئەو رەفتارکارییە یاسایی (التصرفات القانونية) و کارگێریی و داراییانەی ، کە بە پەرلەمانەوە پەیوەستن ، دەگرێتەبەر بەمەرجێك ، لەگەڵ بڕگەی (شەشەم) لە ماددەی ( ١٦ ) شازدەی ئەم پەیڕەوەدا ناکۆك نەبێت.

**نۆیەم:** ناردنی بڕیار و یاسا پەسندکراوەکان لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بە مەبەستی دەرچواندنیان.

**دەیەم:** هەژماردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی ، لە ماوەی دیاریکراودا، لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە بەیاسا و بریاری دەرکراو ، دەرناچن .

**یازدەم:** واژۆکردنی سەرجەم نوسراوە فەرمییەکان ، لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لایەنی تری ناوەوە و دەرەوەی هەرێم .

**دوازدەم:** واژۆکردنی سەرجەم ئەو نامە و نوسراوانەی، لە پەرلەمانەوە ، یان لە یەکێك لە لیژنەکانیەوە دەردەچن و دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی سەرۆك.

**سێزدەم:** دەرچواندنی بڕیاری خانەنشینکردنی ئەندامانی پەرلەمان.

**چواردەم:** پیادەکردنی هەردەسەڵاتێکی دی ، کە ئەم پەیڕەوە و یاسا کار پێکراوەکان پێیان بەخشیوە.

**ماددەی ( ١٩ ):**

**دەسەڵاتەکانی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان:**

**یەکەم:** پیادەکردنی سەرجەم دەسەڵاتەکانی سەرۆك ، لەکاتی ئامادەنەبوونیدا.

**دووەم:** هاریکاریکردنی سەرۆك ، بۆ رایکردنی ئەرکەکانی.

**سێیەم:** سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی کاری لیژنەکان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت دەربارەیان ، بۆ سەرۆك .

**چوارەم:** سەرۆکایەتیکردنی کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان لیژنە هەمیشەییەکان .

**پێنجەم:** بەشداریکردن، لەکارەکانی دەستە ، وەك ئەندام تیایدا .

**شەشەم:** هەردەسەڵاتێکی تر کە سەرۆك پێدەدات ، یان لە یاسا کارپێکراوەکاندا هەیەتی .

**ماددەی ( ٢٠ ):**

**دەسەڵاتەکانی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان:**

**یەکەم:** خوێندنەوەی بەرنامەی کاری دانیشتن.

**دووەم:** سەرپەرشتیکردنی نوسینی کۆنووسی دانیشتنی پەرلەمان و بەرنامەی کاری دانیشتنەکان و چاپکردن و دابەشکردنیان بەسەر ئەندامانداا ، پاش پەسەندکردنیان لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە.

**سێیەم:** تۆمارکردنی ناوی ئەو ئەندامانەی دەیانەوێت بەشداری گفتوگۆ بکەن ، بەپێی ڕیزبەندیی کاتی داواکارییەکانیان .

**چوارەم:** دڵنیابوون ، لە بوونی ڕێژەی یاسایی دانیشتن و ئەنجامدانی کاری تۆمارکردنی ناوی ئامادەنەبوان ، بەپاساو و بێ پاساو.

**پێنجەم:** چاودێریکردن و ژماردنی دەنگەکان ، لەکاتی دەنگدان و دڵنیابوونەوە لە ئەنجامەکان.

**شەشەم:** بەدواداچوونی کاروباری ئەندامان و خستنەڕووی کێشە و داواکاری و پێشنیارەکان، بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، بۆ بریارلێدانیان، ئەگەر خۆی نەیتوانی چارەسەریان بکات.

**حەوتەم:** سەرپەرشتی و چاپکردن و بەدواداچوونی ئەو یاسا و بڕیارانەی لە پەرلەمان دەنگیان لە سەر دەدرێت و بەراوردکردنیان، بەو دەقانەی دەنگیان لەسەر دراوە.

**هەشتەم:** سەرپەرشتی بەئەنجام گەیاندنی وەرگێرانی پرۆژە ، یان پێشنیازەکە ، لە کوردی بۆ عەرەبی بەپێچەوانەشەوە ، بە پشتبەستن بە شارەزایان و پسپۆرانی زمان.

**نۆیەم:** نوسینی پەراوێزی کۆتایی، لە سەر دەقی کۆتایی پرۆژە، یان پێشنیازەکە، بۆ سەرۆك و بەدواداچوون لە گەیشتنی بۆ سەرۆکی هەرێم، لە ماوەی دیاریکراو.

**دەیەم:** بەشداریکردن لەکارەکانی دەستە وەکو ئەندام تیایدا .

**یازدەم:** هەر دەسەڵاتێکی دی کە ئەم پەیڕەوە پێی بەخشیوە .

## بەشـــی چوارەم
## ئەندامێتی

**ماددەی ( ٢١ ): دروستیی ئەندامێتی**

**یەکەم:** مەبەست لە دروستیی ئەندامێتی ، دڵنیابوونە لە باری یاسایی ئەندام ، لەکاتی پێشکەشکردنی داواکاری ، بۆ پاڵاوتنی ، تا راگەیاندنی ئەنجامەکان و بوونی بە ئەندام ، بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە ماددەی (٢١) بیست و یەك لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا ئاماژەی پێدراوە.

**دووەم:** پەرلەمان لەرێگەی هەڵبژاردن لیژنەیەکی کاتی لەسەرەتای هەموو خولێکی هەڵبژاردن پێك دەهێنێت بۆ پێداچوونەوە بەو تانانەی پێشکەشکراون لە سەر دروستی ئەندامێتی ، پێك دێت لە ژمارەیەك ئەندام کە لە (٥) پێنج ئەندام کەمتر نەبێت و لە (٧) حەوت ئەندام زیاتر نەبێت ، بەمەرجێك لەنێوان ئەندامانی لیژنە، ئەندامانی تانە لێدەر یان تانە لێدراو لەسەر دروستی ئەندامێتی تێدانەبێت ، لیژنەکە لە یەکەم دانیشتنیدا سەرۆك و بڕیاردەرێك بۆ خۆی هەڵدەبژرێت و کارەکانی بەپێی ئەو حوکمە تایبەتییانە کە بۆ لیژنەکانی پەرلەمان دانراون لەم پەیڕەوەدا بەرێوەدەبات.

**سێیەم:** هەموو ئەندامێك ، مافی هەیە ، تانە لە ئەندامێتی هەر ئەندامێکی دی بدات ، هەر پاڵێوراوێك ، لە لیستی براوەدا ، دەتوانێت تانە لە ئەندامێتی ئەندامی براوە لە لیستەکەی خۆی ، لە پەرلەمان بدات و داوای پوچەڵکردنەوەی هەڵبژاردنی و دروستی ئەندامێتیەکەی بکات .

**چوارەم:** تانەکان بەنووسین لە ماوەی وەرزی یاسادانانی یەکەمی پەرلەماندا ، دوای هەڵبژاردن ، تانەکان بە نووسین پێشکەشی سەرۆك دەکرێن و ئەویش ئاڕاستەی لیژنەی پێداچوونەوە ، بە دروستیی ئەندامێتی دەکات .

**پێنجەم:** لیژنە ، وێنەیەکی تانەکە، بۆ ئەندامی تانەلێدراو دەنێرێت ، بۆ ئەوەی لەو ماوەیەی بۆی دیاریی دەکەن ، بەرگریکردن لە خۆی پێشکەش بکات ، هاوکات دەتوانێت ئەو بەڵگانە ببینێت کە لە سەری پێشکەشکراون .

**شەشەم:** لیژنەکە پێداچوونەوە بە داوای تانەلێدان دەکات و دەتوانێت هەموو کۆنووس و بەڵگەکانی پەیوەست بەهەڵبژاردنی ئەندامی تانەلێدراو ببینێت و بانگهێشتی گەواهیدەر (شاهد) و کەسی شارەزا بۆ گەیشتن بەڕاستی بکات، هەروەها راپۆرتەکەیی لەماوەیەك لە (٣٠) سی رۆژ زیاتر نەبێت لە رۆژی ناردنی داواکە پێشکەش دەکات ، دواتر پەرلەمان دروستیی ئەندامێتی بە زۆرینەی (٣/٢)ی دوو لەسەر سێی دەنگی ئامادەبووان ، یەکلا دەکاتەوە.

**حەوتەم:** لەکاتێکدا کە تانەکە جدیی نەبوو ، یان زانیاریی نادروستی لە خۆگرتبوو ، بە ئامانجی لەکەدارکردنی ، تانەلێدراوەکە لیژنە راپۆرتێك بە سەرۆك دەدات ، ئەویش دەتوانێت بە دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەتی بدات ، بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر تانەلێدەر ، هەروەها بۆ تانەلێدراو هەیە خۆی راستەوخۆ ، ئەم ڕێوشوێنە بگرێتەبەر.

**ماددەی ( ٢٢ ):**

**ئەرکەکانی ئەندام:**

**یەکەم:** ئەندام بەئامادەبوون لە دانیشتنەکانی پەرلەمان پابەند دەبێت ، ئەگەر بەبێ هۆیەکی ڕەوا ئامادەی دانیشتنەکان نەبوو ، سەرۆك بەنووسین سەرنجی رادەکێشێت ، ئەگەر ئامادەنەبوون دووبارە بووەوە (٥٪) لەسەدا پێنجی مووچەکەی لە هەردانیشتنێك ، کە ئامادەی نەبێت دەبڕێت ، ئەگەر ئامادەنەبوون ، لە (٣) سێ دانیشتنی یەك لە دوای یەکدا ، یان (٥) پێنج دانیشتنی پچڕ پچڕ بێت ، لەماوەی یەك وەرزی یاسادانانداندا ، ئەوا ئامادەنەبوونەکەی لە ماڵپەری تایبەتی پەرلەمان بڵاودەکرێتەوە ، وێڕای بڕینی مووچەکەی لە ئەنجامی ئامادەنەبوونیدا ، ئەگەر ئامادەنەبوونی دوای ئەم دووبارە بووەوە ئەوا سەرۆك دەتوانێت بابەتەکە بخاتە بەردەمی پەرلەمان و پەرلەمانیش دەتوانێت بە زۆرینەی دەنگی رەهای ئەندامەکانی بەلەدەستدانی ئەندامێتی لەقەلەمی بدات .

**دووەم:** ئامادەنەبوونی ئەندام لە دانیشتنەکانی پەرلەمان ، وکۆبوونەوەی لیژنەکان بەهۆی ڕاسپاردنی بە ئەرکێکی پەرلەمان بە ئامادەنەبوو هەژمار ناکرێت و بە (بەشاندکراو) هەژماردەکرێت.

**سێیەم:** لە بەرواری ئەنجامدانی (سوێندخواردن)ی یاساییەوە ، ئەندام بەدەست لەکارکێشاوە لە کارەکەی پێشوویدا ، دادەنرێت. پێویستە پەیوەندی لەو کارە بپچڕێنێت و بە خۆ تەرخانکردنی تەواو ، بۆ کاری پەرلەمان ، پابەندبێت .

**چوارەم:** نابێت ئەندام لە ماوەی خولی هەڵبژاردن گرێبەست لەگەڵ پەرلەمان یان حکومەت بۆ خۆی یان لە ڕێگای کەسانی دیکە ئەنجام بدات ، هەروەها نابێت سیفەتی ئەندامێتی خۆی بقۆزێتەوە (أستغلال) یان بەکاربهێنێت یان ڕێگە بدات ، سیفەتی نوێنەرایەتییەکەی بۆ کارێکی بازرگانیی یان دارایی بە کاربهێنرێت .

**پێنجەم:** پیادەکردنی ئەرك و کاری حزبی ، یان سەندیکایی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەپیادەکردنی کاری وەزیفی ، یان پیشەیی هەژمارناکرێن.

**شەشەم:** نابێت ئەندام ، دەست لە کارەکانی هەریەك لە دەسەڵاتەکانی دادوەری و جێبەجێکردن وەربدات ، تەنها لەچوارچێوەی پسپۆرییەتی یاسادانان و چاودێری نەبێت .

**حەوتەم:** نابێت ئەندام کۆکردنەوە بکات لە نێوان ئەندامێتی لە پەرلەمان و ئەندامێتی ئەنجومەنێکی دی ، لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا ، پێویستە لە سەر ئەندام لە ماوەی (٨) هەشت ڕۆژدا لە ڕێکەوتی راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن یەکێك لەو دوو ئەنجومەنە هەڵبژێرییێت ، بەپێچەوانەوە وا هەژماردەکرێت کە ئەندامێتی لە پەرلەمان هەڵبژاردووە .

**هەشتەم:** هەرکاتێك ، ئەندام پۆستێکی وەزاری وەرگرت ، بە دەستکێشاوە لە ئەندامێتی پەرلەمان هەژماردەکرێت .

**ماددەی ( ٢٣ ):**

**مافەکانی ئەندام:**

**یەکەم:** لەکاتی کۆتاییهاتنی ئەندامێتی ، ئەگەر مەرجێك لە مەرجەکانی لەدەست نەدابوو ، ئەندام بۆی هەیە بگەرێتەوە بۆ وەزیفە و ، سەرپشکە لەوەی مووچەی خانەنشین ، یان مووچکەی تری وەربگرێت و ئەندامانی خولەکانی پێشووتری پەرلەمان دەتوانن لەم مافە سوودمەندبن.

**دووەم:** ماوەی ئەندامێتیەکەی ، بۆ مەبەستی سەرمووچە و پلە بەرزکردنەوە (ترقية) و خانەنشینی هەژماردەکرێت.

**سێیەم:** ئەندام ، دەتوانێت مۆڵەتی نەخۆشیی ، بەپێی رێکارەکان وەربگرێت.

**چوارەم:** سەرۆك ، دەتوانێت مۆڵەتێکی ئاسایی بدات بە ئەندام ، ئەگەر بارودۆخەکەی پێویستی کرد ، بۆ ماوەیەك ، کە لە (١٥) پازدە رۆژ تێپەرنەکات ، بەسەریەکەوە ، یان پچڕپچڕ ، لە ماوەی هەر وەرزێك ، لە وەرزەکانی یاسادانانداا.

**پێنجەم:** هەریەك لە دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامان ، مووچە و دەرماڵەی مانگانە وەردەگرن ، کە بە یاسا رێکدەخرێن.

**شەشەم:** ئەگەر ئەندامێك، لەکاتی یان لە ئاکامی راژەی لە پەرلەمان یان بەهۆیەوە کۆچی دوایی کرد ، ئەوا بەپێی یاسا کارپێکراوەکان ، موچەیەکی خانەنشینی ، بۆ میراتگرانی تەرخان دەکرێت.

**حەوتەم:** کاتێك فراکسیۆن ، یان ئەندام لەبەر هەڵوێستێك ، بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمان دەکەن لەناو هۆڵی پەرلەمان بە ئامادەنەبوو هەژمار ناکرێت.

**هەشتەم:** ئەندام دەتوانێت لە رێگەی فراکسیۆن و لیژنەکانیەوە، ئاگاداری سەرجەم کاروبارە ناوخۆییەکانی لیژنەکانی پەرلەمان و دانیشتنەکانی پەرلەمان بکات.

**ماددەی ( ٢٤ ): پارێزبەندی پەرلەمانیی ( الحصانة البرلمانية ):**

**یەکەم:** ئەندام ، ئازادی ئاخاوتن و رادەربرینی تەواوی هەیە لەکاتی ئەنجامدانی کاری پەرلەمانیدا ، بە شێوەیەك رەچاوی رێزگرتن لە دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێم لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکان بکات.

**دووەم:** نابێت ئەندام ڕاوەدوو ( ملاحقة ) بنرێت یان لێکۆلینەوەی لەگەڵدا بکرێت یان ماڵ و نوسینگەکەی پشکنینی بۆ بکرێت یان دەستگیر بکرێت بەبێ مۆڵەتی پێش وەختەی پەرلەمان تەنیا لەو حاڵەتە نەبێت کە تاوانێکی بینراوی ئەنجام دابێت.

**سێیەم:** بڕیاری هەڵگرتنی پارێزبەندیی ، پێویستی بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووانی پەرلەمانە و لەدەرەوەی وەرزەکانی یاسادانانیش ، دەستەی سەرۆکایەتی بڕیار ، لەسەر هەڵگرتنی پارێزبەندی دەدات .

**چوارەم:** بڕیاری هەڵگرتنی پارێزبەندی ، تەنیا بۆ ئەو کردە تاوانییەیە ، کە لە داواکەی دادوەری هاتووە ، لەسەر کردەکانی تری ، ئەندام جێبەجێ نابێت .

**پێنجەم:** ئەگەر ئەندام تاوانێکی لەجۆری جینایەت لەناو حەرەمی پەرلەمان ئەنجامدا ، لەسەر سەرۆك پێویستە کە فەرمان بکات بەدەستگیرکردن و دەستبەسەرکردنی لە شوێنێکی دیاریکراو ، پاشان رادەستی دەسەڵاتی دادوەری بکات ، بەڵام ئەگەر تاوانەکە ، لە جۆری کەتن (جنحة) بوو ، سەرۆك دەتوانێت دەسەڵاتی دادوەری ئاگاداربکاتەوە بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی پێویست بەرامبەری.

**شەشەم:** ئەو ئەندامەی پارێزبەندیی لەسەر هەڵگیراوە و ڕانەگیراوە (توقیف) ، لە یەکێك لە گرتووخانەکان دەتوانێت بەشداری دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان ، بکات و بەشداریش بێت لەگفتوگۆکردن و دەنگداندا .

**حەوتەم:** ئەندام ، لە ڕۆژی (سوێندخواردن)ی یاساییەوە پارێزبەندی پەرلەمانی دەبێت و ناتوانێت بەبێ مۆڵەتی پەرلەمان تەنازولی لێ بکات.

**هەشتەم:** ئەگەر پەرلەمان ، داوای هەڵگرتنی پارێزبەندی ڕەتکردەوە ، بەبێ پێشکەشکردنی بەڵگەی نوێ لە سەر هەمان بابەت ، داواکاری نوێ پێشکەش ناکرێتەوە.

**ماددەی ( ٢٥ ): نەمانی ئەندامێتی:**

**یەکەم:** کۆتایهاتنی ئەندامێتی

لە یەکێك لەم حاڵەتانەدا دەبێت:

١ـ کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان، یان هەڵوەشانەوەی.

٢ـ مردنی ئەندام.

٣ـ ئەندام، توانای ڕاپەڕاندنی کاری پەرلەمانی نەبێت، کە بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکیی تایبەتمەند سەلمێنرابێت.

**دووەم:** دەست لەکارکێشانەوە:

١ـ ئەندام، دەتوانێت، بێ مەرج ، بەداوایەکی نووسراو دەست لەکارکێشانەوەی لەپەرلەمان پێشکەشی سەرۆك بکات

٢ـ دەبێت سەرۆك لە نزیکترین دانیشتنی پەرلەماندا، داواکارییەکە بخاتە بەرنامەی کارەوە، بۆ ئەوەی لە هەموو بارێکدا لەماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا، دەست لەکارکێشانەوەکە، بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووان یەکلا بکرێتەوە.

٣ـ ئەندامی داواکار، دەتوانێت لە داواکەی پاشگەزببێتەوە، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی داوایەکی نووسراو بۆ سەرۆك پێش دەنگدان لەسەر دەست لەکارکێشانەوەکەی.

**سێیەم:** لەدەستدانی ئەندامێتی ( سقوط العضوية)

ئەندام، لەم حاڵەتانەدا ئەندامێتی، لەدەستدەدات:

١ـ لەدەستدانی شیاوپەتی یاسایی.

٢ـ یەکێك لەمەرجەکانی ئەندامێتی، کە لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواکراودا هاتووە، لەدەستدا بدات.

٣ـ حوکمدران بە هۆی ئەنجامدانی تاوانێکی ئەنقەست، یان کەتنێکی ئابڕووبەر.

٤ـ ئامادەنەبوونی ئەندام، لە دانیشتنەکانی پەرلەمان، بەپێی برگەی (یەکەم) لە ماددەی (٢٢)ی ئەم پەیڕەوە.

**ماددەی ( ٢٦ ):**

دەنگدان لەسەر لەدەستدانی ئەندامێتی بەشێوەی نهێنی دەبێت.

**ماددەی ( ٢٧ ):**

ئەگەر ، کورسیەکیی پەرلەمان ، بەتاڵ مایەوە ، ئەوا بەپێی یاسا کارپێکراوەکان ، کاندیدێکی تری هەمان لیست ، جێگەی دەگرێتەوە.

## بەشی پێنجەم
## لیژنە هەمیشەیی و تایبەتییەکان

### یەکەم: لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان

**ماددەی ( ٢٨ ):**

**یەکەم:** لیژنە هەمیشەییەکان ، لە ماوەی (٢٥) بیست و پێنج ڕۆژدا ، لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان ، بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووانی پەرلەمان ، هەڵدەبژێردرێن.

**دووەم:** لیژنە هەمیشەییەکان، لە ژمارەیەك ئەندام پێکدێن کە نابێت لە (٥) پێنج ئەندام کەمترو لە (١١) یازدە ئەندام زیاتر بن، کە نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان دەکەن بەپێی ڕێژەی نوێنەرایەتیان لە پەرلەمان.

**سێیەم:** هەر لیژنەیەکی پەرلەمان، لەسەر بانگهێشتی سەرۆك، لەدوای یەك هەفتە، لە دیاریکردنی ئەندامەکانی (سەرۆك و جێگر و بڕیاردەر)، بۆ خۆی هەڵدەبژێریت و یەکێك لە فەرمانبەرانی پەرلەمان یان زیاتر دەبێت بە سکرتێری لیژنە.

**چوارەم:** دەستەی سەرۆکایەتی، لە دابەشکردنی ئەندامان بەسەر لیژنەکاندا، توانا و پسپۆڕیی و خواست و پێویستیی لیژنەکان لەبەر چاو دەگیرێت.

**پێنجەم:** دەبێت ئەندام بەلانی کەمەوە لە لیژنەیەکی هەمیشەیی ئەندام بێت و ناکرێت لە دوو لیژنە زیاتر ئەندام بێت، هەروەها ناکرێت ئەندام ببێتە سەرۆك یان جێگری سەرۆك یان بڕیاردەری زیاتر لەیەك لیژنە.

**ماددەی ( ٢٩ ):**

**پەرلەمان، لەم لیژنە هەمیشەییانە پێك دێت:**

**یەکەم:** لیژنەی کاروباری یاسایی.

**دووەم:** لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری.

**سێیەم:** لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان.

**چوارەم:** لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.

**پێنجەم:** لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

**شەشەم:** لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر.

**حەوتەم:** لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی.

**هەشتەم:** لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی.

**نۆیەم:** لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

**دەیەم:** لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی.

**یازدەم:** لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان.

**دوازدەم:** لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان.

**سێزدەم:** لیژنەی دەسپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا.

**چواردەم:** لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاییني.

**پازدەم:** لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت و لە مافی مرۆڤ .

**ماددەی ( ٣٠ ):**

**یەکەم:** هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی کارەکانیدا دەتوانێت لەنێو ئەندامەکانیدا لیژنەی لاوەکی پێکبهێنێت ، بۆکارێکی دیاریکراو لەسەر پێشنیاری (٣/١)ی سێ یەکی ئەندامانی لیژنە ، کاری لیژنە لاوەکیەکان کۆتایی دێت بەکۆتایی هاتنی کارەکە .

**دووەم:** هەر لیژنەیەك بەلانی کەمەوە لە مانگێکدا (٢) دووجار کۆدەبێتەوە ، ئەم حوکمە لەسەر کۆبوونەوەی لیژنەکان لە نێوان دوو وەرزی یاساداناندا ، جێبەجێ نابێت.

**سێیەم:** لیژنە هەمیشەییەکان لەکاتی پێویستدا لەسەر داوای سەرۆك ، یان جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان ، یان سەرۆکی لیژنە ، یان (٣/١) سێ یەکی ئەندامانی لیژنە ، کۆدەبنەوە ، دەبێ ئەندامانی لیژنە (٢٤) بیست وچوار کاتژمێر پێش کۆبوونەوە لەلایەن بریاڕدەری لیژنە لە کات و شوێن و بەرنامەی کاری کۆبوونەوە ئاگادار بکرێنەوە.

**چوارەم:** رێژەی یاسایی کۆبوونەوەی لیژنە ، بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان ، تەواو دەبێت. بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبوان دەدرێن ، لەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا ، ئەو لایەنەی دەنگی سەرۆکی لیژنە لەگەڵیەتی زۆرینە دەبێت .

**پێنجەم:** کۆبوونەوەکانی لیژنە لە کۆنووسدا تۆمار دەکرێن ، کە ناو و واژۆی ئامادەبووان و پوختەیەك لە بیروڕای ئەندامان و ئەو بڕیارانەی کە لە کۆبوونەوەکەدا ، وەردەگیرێت ، لەخۆدەگرێت.

**ماددەی ( ٣١ ):**

سەرۆك دەتوانێت هەربابەتێك بخاتە بەردەم لیژنە هەمیشەییەکان ، بەپێی تێڕوانینی خۆی ، یان لانی کەم لەسەر داوای (٥) پێنج ئەندام.

**ماددەی ( ٣٢ ):**

**یەکەم:** پاش ئاگادارکردنەوەی سەرۆکی لیژنە هەر ئەندامێك دەتوانێت لەکۆبوونەوەی هەر لیژنەیەك ئامادەبێت و ڕاو سەرنجی خۆی پێشکەش بکات بەبێ بوونی مافی دەنگدان.

**دووەم:** راوێژکارەکانی پەرلەمان بە پێی پسپۆریی بەشداری کۆبوونەوەی لیژنەکان دەکەن ، بەبێ بوونی مافی دەنگدان.

**ماددەی ( ٣٣ ):**

ئەو حوکمانەی لەم پەیڕەوەدا تایبەتن بە ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا بەسەر ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی لیژنەکانیش جێبەجێ دەبن.

**ماددەی ( ٣٤ ):**

لەکاتی بەتاڵی ئەندامێتی یەکێك لە لیژنەکان ئەوا ئەندامێکی تر بەپێی هەمان رێگەی دەقکراو لەم پەیڕەوەدا کاندید دەکرێت و جێگەی دەگرێتەوە.

**ماددەی ( ٣٥ ) :**

بە ڕەزامەندیی سەرۆك، لیژنەی هەمیشەیی، دەتوانێت داوا لە لیژنەیەکی تری پەرلەمان بکات، ڕای خۆی لەسەر بابەتێکی دیاریکراودا، بخاتەڕوو.

**ماددەی ( ٣٦ ):**

**(١٠) دە ئەندام ، یان هەر فراکسیۆنێکی پەرلەمانی دەتوانێت لە دوای تێپەڕ بوونی (٤٥) چل و پێنج رۆژدا ، بەسەر ئاڕاستەکردنی پرۆژەیەك بۆ لیژنەی تایبەتمەند داوای روونکردنەوە لەبارەی ئەو پرۆژەیە لە لیژنەکە بکەن .**

**مادده ( ٣٧ ):**

**ئەگەر بۆ دەستەی سەرۆکایەتی ڕوونبۆوە کە یەکێك لە لیژنە هەمیشەییەکان ، لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیدا کەمتەرخەمی دەنوێنێت ، ئەوا دەتوانێت لە هۆکارەکان بکۆڵێتەوە و هەوڵەکانی بخاتە گەڕ بۆ کاراکردنی لیژنەکە، بەڵام ئەگەر هەر نەیتوانی ، لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی پێویستە ئەندامی نوێ بۆ لیژنەکە بپاڵێوێت ، بەپێی ئەو ڕێکارانەی لەم پەیرەوەدا هاتوون و بیانخاتە بەردەم پەرلەمان .**

**مادده ( ٣٨ ):**

**ئەگەر لیژنەی هەمیشەیی ، پێشنیازی یاسایەکیان تاوتوێکرد ، کە ڕێژەی یاسایی ئەندامان پێشکەشیان کردبوو ، دەکرێت یەکەم ئەندام کە واژۆی کردووە ، ئەگەر ئەندامی لیژنەکە نەبوو ئامادەی کۆبوونەوەی لیژنە بێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێشنیازی یاساکە ، ئەگەر ئەو نەیتوانی دەکرێت ئەندامێکی تر لەوانەی واژۆیان کردووە ئامادەبێت.**

**مادده ( ٣٩ ):**

**هەموو لیژنەیەکی هەمیشەیی ، ناوی ئەو پسپۆڕ و شارەزایانەی کە تایبەتمەندییان بەکاری لیژنە پەیوەستە ، دەستنیشان دەکات و لەکاتی پێویستدا، لە ڕێگەی دەستەی سەرۆکایەتییەوە راوێژیان پێدەکات و سوود لە پسپۆڕی و لێهاتوییان وەردەگرێت و دەکرێت لەسەر کارەکەیان پاداشت بکرێن و ئەگەر پێویست بوو گرێبەستیان لەگەڵدا بکرێت.**

**مادده ( ٤٠ ):**

**هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی ، لەسەر داوای (٣/١)ی سێ یەکی ئەندامەکانی دەتوانێت دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (جلسات الاستماع)، لەسەر هەر بابەتێك کە پەیوەست بێت ، بەتایبەتمەندیی لیژنەکە ئەنجامبدات ، بۆ بەرپرس و کەوادری حکومی و کەرتی تایبەت و پسپۆڕان و نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەرکەسێك ، کە بەپێویستی بزانن ، هەر ئەندامێکیش دەتوانێت لەم دانیشتنە ئامادەبێت و گفتوگۆ بکات ، دەبێت لیژنە پوختەی دانیشتنی گوێگرتن و ئەنجامەکانی، لە ڕاپۆرتێکدا ، ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکات.**

**مادده ( ٤١ ):**

**هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی ، لە چوارچێوەی پسپۆڕییەکەیدا ، بەدواداچوون و لێکوڵینەوە و سەردانی مەیدانی دەکات، لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی ئەو یاسا گشتییانەی ، بە بەرژەوەندیە بنەرەتییەکانی هاونیشتیمانیانی هەرێم پەیوندیدارن ، هەروەها چاودێریکردنی گونجانی سیستەم و ڕێنماییەکان ، کە بۆ ئاسان جێبەجێکردنی یاساکە دەرچووێندراون لەگەڵ ئامانجی سەرەکی یاساکە ، لەسەر لیژنەی هەمیشەیی پێویستە ، ڕاپۆرتێك لەسەر ئەنجامی بەدواداچوونیان و پێشنیازەکانیان ئاڕاستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن و ئەوانیش دەتوانن ئەوەی گونجاوە ، لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکە بیگرنەبەر.**

**ماددە ( ٤٢ )**

**یەکەم:** لیژنەکان دەتوانن داوا لە سەرۆك بکەن، بۆ بەشداری کردنی وەزیری پەیوەندیدار بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی لیژنە و پێشکەشکردنی ڕونکردنەوەی پێویست، لەسەر ئەو بابەتەی دەخرێتەڕوو، بەشێوەیەك ماوەی (٣) سێ ڕۆژ لەڕێکەوتی ئاراستەکردنی بانگهێشتنامەکە، تێپەڕنەکات.

**دووەم:** وەزیری پەیوەندیدار، دەتوانێت لە کۆبوونەوەی لیژنەکاندا ئامادەبێت کاتێك گفتوگۆی بابەتێك دەکرێت کە پەیوەندیدارە بەوەزارەتەکەی و دەتوانێت ستافی وەزارەتەکەی لەگەڵ خۆی بهێنێت بۆ کۆبوونەوە، هەروەها تێڕوانینەکانیشیان لە ڕاپۆرت جێگردەکرێن بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

**سێیەم:** لیژنەکان دەتوانن، بۆ بەشداریی ئەوانەی کە پلەیان، لەخوار وەزیرەوەیە لە کۆبوونەوەی لیژنەدا، داوا ئاراستەی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان بکەن.

**چوارەم:** لیژنەکان دەتوانن لەڕێی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانەوە ، داوا لە فەرمانگە فەرمی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن ، کە زانیاریی پێویستیان پێشکەش بکات ، یان لە کۆبوونەوەی لیژنەدا ئامادەبن .

**پێنجەم:** ئەگەر ئەو لایەنانەی لە بڕگەکانی سەرەوەدا باسکراون ، خۆیانگرت لە پێدانی زانیاری یان ئامادەنەبوون لە کۆبوونەوە ، ئەوا ئەو کاتە لە ڕێی سەرۆکەوە ، سەرۆك وەزیرانی لێ ئاگاداردەکرێتەوە و لەحاڵەتی وەڵام نەدانەوەیی داواکاریەکەی لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا ، بابەتەکە دەخرێتە بەردەمی پەرلەمان، بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بکات.

**دووەم: لیژنە تایبەتییەکان:**

**ماددە ( ٤٣ ):**

**یەکەم:** پەرلەمان، لیژنەی کاتی بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرت، سەبارەت بە بابەتێکی دیاری کراو، لەسەر پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی، یان (٤/١)ی چواریەکی ژمارەی ئەندامان، بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووان لە کاتی پێویستدا پێکدەهێنێت.

**دووەم:** دەستەی سەرۆکایەتی، لە دەرەوەی وەرزەکانی یاسادانانندا، دەسەڵاتی پێکهێنانی لیژنەی تایبەتیی هەیە.

**سێیەم:** بابەتە تاوانکارییەکان و هەر بابەتێك، لەژێر تێڕوانینی دادگاکاندا بێت، نابێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی لیژنە تایبەتییەکانی پەرلەمان.

**چوارەم:** لەکاتی کارکردنی لیژنە، هەرئەندامێك نهێنی کاری لیژنە، بدرکێنێت ئەندامێتی لیژنە لەدەست دەدات.

**ماددە ( ٤٤ ):**

**یەکەم:** لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێویستە ئەرکی لیژنە تایبەتییەکان ئاسان بکات و بەڵگەنامە و زانیاریی داواکراویان پێشکەش بکات.

**دووەم:** لیژنە تایبەتییەکان دەتوانن کاری بەدواداچوون و پشکنین و گەڕان بەدوای ڕاستییەکان ، سەبارەت بە ووردەکاری ئەو بابەتانەی بۆی ڕاسپێردراون لەتەواوی دامەزراوە پەیوەندیدارەکاندا ، ئەنجام بدەن ، دەتوانن بۆ ئەو مەبەستەش پشت بە شارەزایان و ڕاوێژکاران ببەستن .

سێیەم:

١ـ بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی لەم پەیڕەوەدا دەقنووس کراوە، لیژنە تایبەتییەکان دەتوانن بەنووسراو داوای ئامادەبوونی هەرکەس و لایەنێك بکەن، بەمەبەستی راوەرگرتن و گوێ بیستبوونی ووتەکانیان.

٢ـ ئەگەر کەس و لایەنی بانگکراو بێ پاساو لەکاتی دیاریکراودا ئامادەنەبوو، ئەوا لیژنەی کاتی دەتوانێت لەڕێی دەستەی سەرۆکایەتیەوە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئاگاداربکاتەوە، بە مەبەستی ئامادەکردنی داواکراو بەگوێرەی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییە بەرکارەکان لە هەرێم.

مادده ( ٤٥ ):

یەکەم: لیژنەی تایبەت ، ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی ، ئاراستەی سەرۆك دەکات، دوای دابەشکردنی بەسەر ئەندامناندا، ڕاپۆرتەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان، بەمەبەستی تاوتوێکردن و وەرگرتنی بڕیاری گونجاو لە بارەیەوە.

دووەم: ئەگەر ڕاپۆرتەکە، لە نێوان دوو وەرزی یاساداناندا، ئاڕاستەی سەرۆك کرا، ئەوا بەپێی گرنگی بابەتەکە، دەستەی سەرۆکایەتی، بڕیار لەسەر دواخستنی خستنەڕووی بۆ وەرزی نوێی یاسادانان دەدات، یان ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نائاسایی، بۆ خستنەڕووی بابەتەکە و بڕیاردان لەسەری.

مادده ( ٤٦ ):

کاری لیژنە تایبەتییەکان، بەکۆتایی هاتنی کاتی دیاریکراو، یان ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە، کۆتایی دێت.

## بەشی شەشەم

## سیستمی کار لە پەرلەمان

### یەکەم/ بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان

مادده ( ٤٧ ):

یەکەم: دەستەی سەرۆکایەتی، بەرنامەی کاریی دانیشتنەکانی پەرلەمان، دادەنێت.

دووەم: هەموو دانیشتنێك، بەرنامەی کاریی پێشوەختەی دەبێت، (٤٨) چل وهەشت کاتژمێر پێش وادەی دانیشتنەکە سەرجەم ئەندامان لەڕێی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانەوە لەبەرنامەی کار ئاگاداردەکرێنەوە.

مادده ( ٤٨ )

یەکەم: بڕگەکانی بەرنامەی کار، بە پێی ئەو ڕێزبەندییەی، لەبەرنامەکەدا هاتووە، گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، پاش و پێش خستنی هەر بڕگەیەك، لەسەر پێشنیاری سەرۆك، یان (٣) سێ پەرلەمانتار، بەڕەزامەندیی زۆرینەی ئامادەبووان دەبێت.

دووەم: تا گفتوگۆ لەسەر بڕگەیەکی بەرنامەی کار تەواو نەبێت بڕگەیەکی دی گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك نەتوانرا گفتوگۆ دەربارەی بڕگەیەك تەواو بکرێت، دەستەی سەرۆکایەتی، دەتوانێت، ئەو بابەتە بە هەڵپەسێردراوی بهێڵێتەوە و بەرەزامەندیی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبوو، بابەتەکە بۆدانیشتنی، داهاتوو، دوادەخرێت و بڕگەی دوای ئەوە، گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت.

سێیەم: هەر بابەتێك لە بەرنامەی کاردا نەبێت، گفتوگۆی لەبارەوە ناکرێت.

**چوارەم:** سەرۆکی فراکسیۆن، یان نوێنەری پێکهاتەیەك، یان لانی کەم (١٠) دە ئەندام، بەر لە (٢٤) بیست و چوار کاتژمێر لە وادەی دانشتینەکەدا، دەتوانێت داوای زیادکردنی بابەتێك، بۆ بەرنامەی کار بکات، بابەتەکە گشتی و بەپەلە بێت و دواخستنی ببێتە هۆی لەدەستدانی گرینگی داواکارییەکە.

**مادده ( ٤٩ ):**

**یەکەم:**

١ـ هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی، یان تایبەت، دەتوانێت لەماوەی (٤٨) چل و هەشت کاتژمێر بەر لەدانیشتنی پەرلەمان داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکات، گفتوگۆی دیاردەیەك، یان ڕووداوێك، یان بارێکی گشتی بخرێتە بەرنامەی کارەوە.

٢ـ هەر ئەندامێك، مافی هەیە لە ماوەیەك کە لە (١٠) دە خولەك تێپەڕ نەکات، بیرۆکەیەك بەم مەرجانە بخاتەڕوو:

أ ـ (٤٨) چل و هەشت کاتژمێر پێش دانیشتنی پەرلەمان، داوایەك پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکات.

ب ـ بیرۆکەکە نوسراو بێت.

ت ـ ئەندام بەناوەرۆکی نوسراوەکە پابەندەبێت.

پ ـ بیرۆکەکە، بەکێشەیەکی گشتییەوە پەیوەست بێت و پێشنیاز و چارەسەری لەخۆگرتبێت.

**دووەم:** ئەگەر پێویستی کرد، دەکرێت گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکانی بڕگەی (یەکەم) لەسەر داواکاری لیژنە یان ئەندامان ، بەئامادەبوونی سەرۆك وەزیران ، یان وەزیری تایبەتمەند ، یان هەردووکیان بێت.

**سێیەم:** ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی ، بە داواکاریی لیژنە و ئەندامان رازی نەبوو ، ئەوانیش لەسەر داواکەیان پێداگیربوون ، سەرۆك رێگە دەدات هاوپشت یان دژ بە داواکەیان لەماوەی ( ٣ ) سێ خولەك بیروبۆچوونی خۆیان لەو بارەیەوە بخەنەڕوو ، ئەوکات بەبێ گفتوگۆ ، پەرلەمان بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی لەبارەوە دەدات.

**دووەم/ ریزبەندی و سیستمی دانیشتنی ئەندامان**

**ماددەی ( ٥٠ ):**

شوێنی دانیشتنی ئەندامان، لە هۆڵی پەرلەماندا، بە پێی لیستی ریزبەندکراو، بەپێی پیتەکانی (ئەلفبێ)ی کوردی، بەڕەچاوکردنی زنجیرەی یەك بە دوای یەکی هەمان فراکسیۆن، دیاری دەکرێت.

**مادده ( ٥١ ):**

کارنامەی هەفتانەی پەرلەمان، بەم شێوەیە دەبێت:

**یەکەم:** ڕۆژانی یەك شەممە، ئەندام، بەدواداچوون، بۆ کاروباری هاونیشتمانیان دەکات.

**دووەم:** ڕۆژانی دووشەممە، کۆبوونەوەی لیژنەکان دەبێت، بەپێی پێویست لیژنە دەتوانێت لە هەر ڕۆژێکی تر کۆبوونەوە ئەنجام بدات.

**سێیەم:** ڕۆژانی سێ شەممە و چوارشەممە، تایبەت دەبێت بە دانیشتنی پەرلەمان.

**چوارەم:** ڕۆژانی پێنج شەممە، تایبەتە بە گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەت، بە پێی پێویست.

**پێنجەم:** دەستەی سەرۆکایەتی لەکاتی پێویست دەتوانێت خشتەی کاری هەفتانەی پەرلەمان دەستکاری بکات.

**سێیەم/ دانیشتنەکانی پەرلەمان**

**ماددەی (٥٢):**

**یەکەم:** سەرۆك ، دانیشتنی پەرلەمان ، بە (ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ... بە ناوی گەلی کوردستان)ـەوە دەکاتەوە لەگەڵ ئاماژەدان ، بە ژمارە و ڕێکەوتی دانیشتن و وەرزی یاسادانان و خولی گرێدان.

**دووەم:** دوای کردنەوەی دانیشتنەکە ، پوختەی کۆنوسی دانشیتنی پێشوو ، بە مەبەستی راستاندنی دەخرێتەڕوو ، دوای ئەو ڕاستکردنەوانەی بە بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی یان لەسەر داوای ئەندامان تێدا ئەنجام دەدرێت.

**سێیەم:** خوێندنەوەی پوختەی کۆنووسەکە، لەلایەن جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانەوە، ئەم بڕگانەی لە خۆدەگرێت:

١ـ ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پەرلەمان و لیژنەکان ، بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت و لە ماڵپەری فەرمی پەرلەمان بڵاو دەکرێتەوە.

٢ـ ناوی نوێنەرانی حکومەت لە دانیشتنی پێشوو ئەگەر ئامادەبووبن.

٣ـ ئەو بابەتە سەرەکییانەی، کە لە دانیشتنەکەدا تاوتوێکراون.

٤ـ ئاماژەدان بە هەر یاسا و بڕیارێك ، کە لە دانیشتنی پێشوودا، لەلایەن پەرلەمانەوە پەسندکرابێت.

٥ـ ئەگەر لەبەر کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان دانیشتن ئەنجام نەدرا ، دەستەی سەرۆکایەتی ، لە ڕاستاندنی پوختەی کۆنووسەکەدا، شوێنی پەرلەمان دەگرێتەوە.

**چوارەم/ ئامادەبوون لەدانیشتنەکانی پەرلەمان**

**ماددە (٥٣):**

**یەکەم:**

١ـ سەرۆك وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران ، لەسەرداوای خۆیان ، دەتوانن ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بن و لەگفتوگۆکانیدا بەشداری بکەن ، بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

٢ـ ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران ، دەتوانن فەرمانبەرانی وەزارەتەکانیان بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان بهێنن ، بەمەبەستی ڕاوێژ و پشتپێبەستنیان بەمۆڵەتی سەرۆك ، بێ ئەوەی مافی قسەکردنیان هەبێت.

**دووەم:**

١ـ میوانان ومیدیاکاران،بەوەرگرتنی رەزامەندی دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانن لەدانیشتنەکانی پەرلەماندا ئامادەبن

٢ـ ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئامادەی دانیشتنی کراوە دەبن ، نابێت لە ژمارەی ئەو کورسیانە تێپەڕبکات کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە بۆ میوانان تەرخان کراون.

**پێنجەم/ شێوازی گفتوگۆکردن لە دانیشتنەکانی پەرلەمان**

**ماددە (٥٤):**

**یەکەم:** ئەندام، بەمۆلەتی سەرۆك، لەوجێگەیەی دانیشتووە، یان لەو سەکۆیەی بۆ مەبەستی ئاخاوتن ئامادەکراوە دەدوێت.

**دووەم:** لەگەڵ خستنەڕووی هەر بڕگەیەك ، لە بڕگەکانی بەرنامەی کار بۆ گفتوگۆکردن ، سەرۆك داوا لە جێگری دووەمی دەکات ناوی داواکارانی مۆلەتی ئاخاوتن ، تۆمار بکات.

**سێیەم:** سەرۆك بەرەچاوكردنی ریزبەندی تۆماركردنی ناوی ئەندامان رێگە بەئەندامان دەدات ئاخاوتن بكەن.

**چوارەم:** ئەندام، ئاخاوتنەكانی ئاراستەی سەرۆك دەكات و پێویستە بەم خاڵانە پابەندبێت:

١ـ ئەندام بۆی نیە ، لە (٣) سێ خولەك زیاتر ، بدوێت ، بێجگە لەو دانیشتنانەی تایبەتە بەگفتوگۆكردن لەسەر پرۆژە یاسای بودجە و ئەو دانیشتنانەی دەستەی سەرۆكایەتی تایبەتمەندییان دەداتێ.

٢ـ نابێت ئەندام ، وەڵامی ئەندامانی تر بداتەوە و توانجیان لێ بدات ، ئاخاوتنی خۆی یان هی ئەندامانی تر دووبارە بكاتەوە ، تەنیا دەتوانێت پشتگیری بكات.

٣ـ دەبێت ئەندام ئاخاوتنەكانی لەسەر ئەو بابەتە چڕبكاتەوە كە خراوەتەڕوو و نابێت بگەڕێتەوە سەر بابەتێك كە دەنگی لەسەر دراوە ، یان گفتوگۆ لەبارەیەوە كۆتاییهاتووە.

٤ـ هەرئەندامێك دەتوانێت تەنها یەك جار لەسەر هەر بابەتێك بدوێت.

**پێنجەم:** سەرۆك ، دەتوانێت رێگە لەبەردەوام بوونی ئەندام لەسەر ئاخاوتنەكەی بگرێت ، ئەویش لە یەكێك لەم ئەگەرانە:

١ـ بێ مۆڵەت ئاخاوتنی كرد.

٢ـ لەكاتی ئاخاوتندا وشەی نەشیاو ، یان تانەوتەشەر ، بەرامبەر هەر دەزگایەكی دەستووریی و یاسایی هەرێم یان ئەندامێك ، یان فراكسیۆنێكی پەرلەمانی، یان هەركەسێكی دی بەكار هێنا.

٣ـ باسی لە تایبەتمەندییەكانی ئەندامێك، یان هەركەسێكی تر كرد.

٤ـ باسی لە نهێنییەكانی دۆسیەیەك كە لە بەردەم دادگایە كرد، یان هەر دۆسیەكی تر كە لەكاتی دركاندنی رێگە پێدراو نەبێت.

٥ـ ماوەی دیاریكراوی ئاخاوتنی، كۆتایی هاتبێت.

٦ـ ئەگەر لە بابەتی گفتوگۆ دەرچوو.

**مادده ( ٥٥ ):**

**یەكەم:** سەرۆك ، دەتوانێت فەرمان بكات بە سڕینەوەی هەموو یان بەشێك لە ئاخاوتنی هەر ئەندامێك لە پرۆتۆكۆل كە پێچەوانەی شێواز و مەرجەكانی گفتوگۆكردن بێت ، كە لەم پەیڕەوەدا دەقنوس كراون ، و لەكاتی نارەزایی ئەندام ، دەستەی سەرۆكایەتی، بێ گفتوگۆكردن ، بڕیاری یەكلاكەرەوە دەدات.

**دووەم:** ئەندام ، دەتوانێت ، پێشنیازی سڕینەوەی ئاخاوتنی ئەندامێكی دی بكات ، ئەگەر لە پەیڕەو لایدا ، یان پێچەوانەی شێواز و مەرجەكانی گفتوگۆكردن بوو ، سەرۆك بڕیار لەسەر داواكاری ئەندامەكە دەدات.

**مادده ( ٥٦ ):**

**یەكەم:** ئەندام ، دەتوانێت ، پشت بەستن، بەیەكێك لە مادده و بڕگەكانی دەستوور و یاسا بەركارەكان و یان یەكێك لە مادده و بڕگەكانی ئەم پەیڕەوە لە هەركاتێكی دانیشتنی پەرلەماندا لە رێی خاڵی پەیڕەوییەوە داوای وەرگرتنی مۆڵەت لە سەرۆك بۆ ماوەیەك كە لە (١) یەك خولەك زیاتر نەبێت بەبێ رەچاوكردنی (تۆماركردن و رێزبەندی) ئاخاوتن بكات.

**دووەم:** تەنیا ئەم بارانەی بەخاڵی پەیرەوەی دادەنرێت:

١ـ پێشێلکردنی یەکێك لە مادده و بڕگەکانی دەستوور و یاسابەرکارەکان، یان یەکێك لە مادده و بڕگەکانی ئەم پەیڕەوە.

٢ـ ئەگەرگفتوگۆکان، لە بابەتی دانیشتنەکە، دەرچوون.

٣ـ داواکردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ، لەسەر بابەتێك و بڕیاردان، لەسەر گفتوگۆکردن، لە بابەتێکی تر یان ئاڵوگۆر، لە بەرنامەی کار.

**سێیەم:** ئەگەر ئەندام ، بە خاڵی پەیرەوی داوای ئاخاوتنی کرد ، بەڵام ئاخاوتنەکەی خاڵی پەیرەوی نەبوو، سەرۆك ، دەتوانێت ئاخاوتنی پێ ببڕێت و لەکاتی دووبارە بوونەوەی لەو دانیشتنەدا هەلێکی تری بۆ ئاخاوتن بە (خاڵی پەیرەو) ، پێنادات.

**شەشەم/ بەرزەفتکردن**

**ماددەی ( ٥٧ ):**

ئەگەر لەکاتی دانیشتنەکانی پەرلەماندا ، هەر سەرپێچییەك ، لەلایەن هەر ئەندامێکەوە بکرێت، کەدەشێ کاربکاتە سەر بەرێوەچوونی دانیشتنەکە، یان ئاخاوتنی نەشیاوی بەرامبەر پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی و یان هەریەکێك لە ئەندامان لێ ببیسترێ ، سەرۆك بەم شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵ دەکات:

**یەکەم:** بەبیر ئەندامەکە دەهێنێتەوە کە ڕێکوپێکی دانیشتنەکە بپارێزێت.

**دووەم:** ئەگەر پابەند نەبوو هەر بەردەوام بوو، سەرۆك وریایی (تنبیه) دەکاتەوە.

**سێیەم:** لەحاڵەتی بەکارهێنانی زمانی زبردا ، ئەوا وریاکردنەوەکە سڕینەوەی ئاخاوتنەکانیشی لە پرۆتۆکۆل لەگەڵدا دەبێت.

**چوارەم:** ئەگەر ئەمجارەش پابەند نەبوو بەردەوام بوو ، سەرۆك دەتوانێت لە دانیشتنەکەدا ، بێبەشی بکات .

**پێنجەم:** لەکاتی پێویستدا. سەرۆك دەتوانێت دانیشتنەکە هەڵبگرێت یان دوای بخات.

## بەشی حەوتەم
## چاودێریکردن

**یەکەم/ پرسیار**

**ماددەی ( ٥٨ ):**

ئەندام ، دەتوانێت ، پرسیاری نوسراو ، یان زارەکیی لە ڕێی دەستەی سەرۆکایەتییەوە ، بۆ سەرۆك وەزیران ، یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران ، بنێرێت ، بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێك کە دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆریەکەییان یان بابەتێك کە ئەندام زانیاریی لەبارەیەوە نییە ، یان دەیەوێت بەدواداچوونی لەبارەوە بکات ، یان دەیەوێت ڕای حکومەت ، لەبارەی بابەتێکەوە بزانێت .

**مادده ( ٥٩ ):** مەرجەکانی پرسیاری نووسراو:

**یەکەم:** دەبێت، پرسیار لە لایەن یەك ئەندام، یان زیاتر، پێشکەش کرابێت و ڕێکەوت و واژۆی لەسەر بێت و لە ڕێی سەرۆکەوە، ئاراستە کرابێت.

**دووەم:** دەبێت پرسیار روون و پوخت بێت و مەبەستەکەی دیاری کراوبێت، توانج و رای تێدا نەبێت و لەکەداری کەسێتییەکان و دەستە و دامەزراوەکانی هەرێم نەکات.

**سێیەم:** نابێت بابەتی پرسیارەکە، لەبەردەم دادگادا، بێت.

**چوارەم:** دەبێت پرسیارەکە ، لە تایبەتمەندیی ئەو وەزارەتە بێت، کە پرسیارەکەی ئاڕاستەکراوە.

**پێنجەم:** نابێت پرسیارەکە ، پێچەوانەی دەستوور و یاسا و بەرژەوەندیی گشتیی بێت و نابێت پێشتر وەڵام درابێتەوە.

**شەشەم:** ئەو بابەتانەی ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان کراون ، پرسیاریان لەبارەوە ناکرێت ، تا لیژنە راپۆرتی خۆی پێشکەش دەکات، بە مەرجێك ، لیژنە لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ، تێپەرنەکات راپۆرتەکە ئامادە بکات.

**حەوتەم:** ئەو پرسیارانەی ، بۆ سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی دەنێردرێن دەبێت بە کارنامە و سیاسەتی گشتی حکومەت و جێبەجێکردنی یاسای بەرکار، پەیوەستبن.

**مادده ( ٦٠ ):**

**یەکەم:** دەستەی سەرۆکایەتی ، دەتوانێت ئەو پرسیارانە ڕەتبکاتەوە ، کە یەك لەو مەرجانەی تێدا نەبێت کە لەماددەی (٥٩)ی ئەم پەیڕەوە ئاماژەیان پێدراوە .

**دووەم:** لەماوەیەك کە لە (٧) حەوت رۆژ تێپەرنەکات ، لەبەرواری گەیشتنی پرسیارەکە، سەرۆك پرسیارەکە دەنێرێت بۆ سەرۆك وەزیران یان ئەو وەزیرەی پرسیارەکەی ئاراستە کراوە، لەرێی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**سێیەم:** دەبێت ئەو لایەنەی پرسیارەکەی ئاڕاستەکراوە لەماوەی (٧) حەوت رۆژدا، وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە لە هەموو حاڵەتێکدا، نابێت وەڵامی پرسیارەکە، لە (٢١) بیست و یەك رۆژ زیاتر دوابخرێت.

**مادده ( ٦١ ):**

**یەکەم:** بەکۆتایی هاتنی وەرزی گرێدان پرسیار کۆتایی نایەت ، تەنیا ئەو ماوەیە بۆ وەڵامی پرسیار دیاریکراوە نامێنێت و لەسەرەتای وەرزی گرێدان ، سەرلەنوێ ماوەکە دەست پێدەکاتەوە.

**دووەم:** ئەندام دەتوانێت پرسیارەکەی بکێشێتەوە.

**سێیەم:** ئەگەر زیاتر لەیەك ئەندام هەمان پرسیاری ئاراستەکرد ، ئەوا پرسیارەکە بەناوی هەموو ئەوئەندامانەوە ئاڕاستە دەکرێت کە پێشتر پێشکەشیان کردووە و وێنەیەکی وەڵامەکەش ، ئاڕاستەی هەموو ئەو ئەندامانە دەکرێتەوە.

**مادده ( ٦٢ ):**

**یەکەم:** سەرۆك وەزیران ، یان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران ، دەتوانێت ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیاری زارەکیی بداتەوە ، یان داوای دواخستنی بکات بۆ ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە رۆژ ، تێپەڕ نەکات.

**دووەم:** دەکرێت پرسیاری زارەکیی ، بە نووسین ، لە ماوەی دیاریکراودا وەڵام بدرێتەوە.

**مادده ( ٦٣ ):**

**یەکەم:** ئەندام، دەتوانێت لە هەر دانیشتنێکدا، کە بۆ پرسیاری زارەکی تەرخانکراوە، تەنیا یەکجار پرسیار ئاڕاستە بکات .

**دووەم:** تەنیا ئەو ئەندامەی پرسیاری ئاراستەکردووە دەتوانێت یەکجار بەکورتیی بەدواداچوون (تەعقیب) لەسەر وەڵامی پرسیارلێکراو بکات.

**سێیەم:** پرسیارلێکراو، دەتوانێت ، بەکورتیی و بۆ یەکجار لەسەر بەدواداچوونی ئەندامی پەرلەمان وەڵام بداتەوە.

**چوارەم:** دەبێ ئەو ئەندامەی پرسیاری زارەکیی دەکات، (٤٨) چل وهەشت کاتژمێر ، بەر لەدانیشتنی تایبەت ، بۆ پرسیاری ، زارەکیی ، ناوی خۆی و پوختەیەکیش لەو پرسیارە ، بداتە جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان.

**پێنجەم:** ناکرێت لەکاتی پرسیاری زارەکیی ، لەهەمان دانیشتندا ، پرسیار بۆ پرساندن بگۆردرێت.

**مادده ( ٦٤ ):**

کاتی دیاریکراو ، بۆ پرسیار و وەڵامی زارەکیی ، بەم شێوەیە دەبێت:

**یەکەم:** (٢) دوو خولەك ، بۆ پرسیار.

**دووەم:** (٣) سێ خولەك ، بۆ وەڵامدانەوە.

**سێیەم:** (٣) سێ خولەك ، بۆ بەدواداچوونی ئەو ئەندامەی پرسیاری کردووە.

**چوارەم:** (٣) سێ خولەك ، بۆ وەڵامدانەوەی بەدواداچوونەکە.

**مادده ( ٦٥ ):**

مەرجەکانی پرسیارکردن ، لە سەرۆك وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران ، لەکاتی گفتوگۆ لەسەر پڕۆژە بودجەی گشتیی و پڕۆژە یاساکان جێبەجێ ناکرێت.

**دووەم/ خستنە ڕووی بابەتێکی گشتیی بۆ گفتوگۆ ( طرح موضوع عام للمناقشة )**

**مادده ( ٦٦ ):**

**یەکەم:** (١٠) دە ئەندام ، دەتوانن ، داوایەك پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی بابەتێکی گشتی بخرێتەڕوو ، بۆ گفتوگۆ ، لەنێوان پەرلەمان و حکومەتدا، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی .

**دووەم:** سەرۆك وەزیران ، دەتوانێت داوا لە پەرلەمان بکات ، بۆ ئەوەی بابەتێك ، بۆ گفتوگۆکردن بەئامادەبوونی خۆی، یان یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بخرێتەڕوو.

**سێیەم:** دەستەی سەرۆکایەتی دەبێت لەماوەیەکدا کە لە (١٤) چواردە ڕۆژ تێپەڕنەکات ، وادەی ئەو دانیشتنە دیاریی بکات .

**چوارەم:** لەو دانیشتنەی بابەتێکی گشتی ، بۆ گفتوگۆکردن دەخرێتەڕوو ، پرساندن و لێسەندنەوەی متمانەیی تێدا ناکرێت .

**پێنجەم:** هەرئەندامێك دەتوانێت بەشداریی، لە گفتوگۆدا بکات.

**شەشەم:** حکومەت ، دەتوانێت داوای دواخستنی ئەو دانیشتنە بکات ، بۆ ماوەیەك ، کە لە (٧) حەوت ڕۆژ زیاتر نەبێت و بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی ڕۆژێکی تر دیاری دەکرێت .

**حەوتەم:** پێویستە ئەو ئەندامانەی واژۆیان کردووە ئامادەبن و دەستپێکی ئاخاوتنیان پێبدرێت.

**مادده ( ٦٧ ):**

**یەکەم:** ئەگەر پێش دیاریکردنی کاتی دانیشتنەکە ، هەموو یان زۆرینەی ئەندامان داواکەیان کشاندەوە ، سەرۆك داواکەیان بەلاوە دەنێت.

**دووەم:** ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی ، لەخستنەڕووی ئەو بابەتە گشتییە بۆ گفتوگۆ ڕازینەبوو ئەو ئەندامانەی واژۆیانکردووە ، پێداگریان کرد ، بابەتەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ یەکلایکردنەوە.

**سێیەم:** دەکرێت لە ئەنجامی، خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ، دەستەی سەرۆکایەتی، بابەتەکە ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکات، بۆ ئەوەی راپۆرتی تایبەت لەبارەیەوە، ئامادە بکات، دواتر پەرلەمان، بڕیار و رێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر، یان دەکرێت لەو دانیشتنەدا، پەرلەمان راسپاردەی پێویست دەربکات.

**سێیەم/ پرساندن**

**مادده ( ٦٨ ):**

بریتیە لە داواکردن لە سەرۆك وەزیران ، یان یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران ، بۆ ڕوونکردنەوەی کارنامەی حکومەت و هۆکارەکانی ئەو بڕیار و رەفتار و کارانەی ، کە دەکەونە بواری پسپۆڕییەکەیان.

**مادده ( ٦٩ ):**

**یەکەم:** هەر ئەندامێك، بە واژۆی ( ٥/١ ) پێنج یەکی ، ژمارەی ئەندامان دەتوانێت داوای پرساندن ، لە سەرۆك وەزیران بکات.

**دووەم:** هەر ئەندامێك ، دەتوانێت ، بە واژۆی (٦/١) شەش یەکی ، ژمارەی ئەندامان ، داوای پرساندن ،لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بکات.

**سێیەم:** گفتوگۆکردن لەسەر پرساندن ئەنجام نادرێت تا (٧) حەوت رۆژ ، لە رێکەوتی گەیشتنی داواکارییەکە ، بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**مادده ( ٧٠ ):**

ئەو مەرجانەی لە پرساندندا هەن ،هەمان ئەو مەرجانەن ،کە لەپرسیاردا ئاماژەیان پێدراوە، بەپابەندبوون بەم خاڵانە:

**یەکەم:** داواکاریی پرساندنەکە بەنووسین، هاوپێچ لەگەڵ بابەتی پرساندنەکە و بەڵگە و زانیاریی و وبەڵگەنامەکان ئاراستەی سەرۆك دەکرێن.

**دووەم:** پێویستە ئەو کەسەی پرساندنی لێکراوە، لە رۆژی گەیشتنی پرساندنەکە لە ماوەیەك کە لە (١٤) چواردە رۆژ تێپەر نەبێت وەڵام بداتەوە.

**سێیەم:** ئەگەر پرساندنەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاریی هەبوو، پرسێندراویش نەیتوانی لە ماوەی دیاریکراودا وەڵامی بداتەوە، داوا لەسەرۆك دەکات بە دواخستنی پرساندنەکە بۆ ماوەیەك کە لە (٧) حەوت رۆژ زیاتر نەبێت، دواخستنی پرساندن لەوماوەیەدا زیاتر بە رەزامەندیی پەرلەمان دەبێت.

**چوارەم:** دەستەی سەرۆکایەتی پرساندن و وەڵامەکەی، لە بەرنامەی کاری نزیکترین دانیشتندا، دادەنێت، ئەگەر وەڵامی پرساندنەکە، لە کاتی دیاریکراودا، نەگەیشتە پەرلەمان ئەوا تەنیا پرساندنەکە، دەکرێتە بابەتی گفتوگۆی دانیشتنی تەرخانکراو.

**مادده ( ٧١ ):**

**یەکەم:** دوای خوێندنەوەی پرساندن و وەڵامەکەی، پرۆسەی پرساندنەکە، بەم شێوەیە دەبێت:

١ـ ئاخاوتن، دەدرێتە ئەو ئەندامەی داوای پرساندنی کردووە، بۆ ماوەیەك لە (١٥) پازدە خولەك زیاتر نەبێت، دواتر بە هەمان کاتی دیاری کراو، دەرفەت بە کەسی پرسێندراو دەدرێت.

٢ـ هەریەکەیان، بۆ یەکجار لەماوەی (٣) سێ خولەکدا، مافی وەڵام دانەوەیان هەیە.

٣ـ دواتر دەرفەتی ئاخاوتن، بۆ ماوەی (٢) دوو خولەك، دەدرێتە هەریەك لەو ئەندامانەی، كە پێشتر ناوی خۆیان تۆماركردوە.

دووەم:

١ـ ئەگەر پرسێندراو، بەبێ هۆ ئامادەنەبوو، پرۆسەی پرساندنەکە، بەبێ ئامادەبوونی پرسێندراو بەردەوام دەبێت.

٢ـ ئەگەر ئامادەنەبوونەکە، بەپاساوێکی ڕەوا بوو، دەستەی سەرۆکایەتی کاتێکی تر، بۆ پرساندنەکە دیاریی دەکات کە لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەر نەکات، ئەگەر لەو ماوەیەشدا ئامادەنەبوو، حوکمی خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیەی بەسەردا، جێبەجێ دەبێت.

**مادده ( ٧٢ ):**

ئەو پرساندنانەی لە وەرزی یاسادانانی پێشوودا پێشکەشکراون ، دەخرێنە بەرنامەی کاری وەرزی یاسادانانی نوێوە.

**ماددەی ( ٧٣ ):**

لەم حاڵەتانەدا پرساندن بە کۆتاییهاتوو، هەژمار دەکرێت:

**یەکەم:** ئەو ئەندامەی داوای پرساندنی کردووە ، دەتوانێت ، لەهەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی پرساندن بە ڕەزامەندی ئەو ئەندامانەی واژۆیان کردووە ، داوای پرساندنەکەی بکشێنێتەوە.

**دووەم:** دەست لە کارکێشانەوەی ئەو وەزیرەی ، پرساندنی بۆ کراوە.

**سێیەم:** دەست لە کارکێشانەوەی ئەو ئەندامەی ، کە پرساندنی کردووە.

**چوارەم:** ئەگەر وەڵامی پرساندنەکە ، باوەڕ پێهێنەربوو ، یان دەنگی پێویستی نەهێنا ، بۆ لێسەندنەوەی متمانە.

**چوارەم/ لێسەندنەوەی متمانە**

**مادده ( ٧٤ ):**

**یەکەم:** لێسەندنەوەی متمانە دروست نابێت بەبێ ئەنجامدانی پرۆسەی پرساندن ، چ بە ئامادەبوونی پرسێندراو بێت یان بە ئامادەنەبوونی.

**دووەم:** ئەگەر وەڵامی پرساندنەکە بڕوا پێهێنەرنەبوو ، بۆ پرسێنەر ، دەتوانێت پێشنیازی لێسەندنەوەی متمانە بکات ، بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ئامادەبووان.

**سێیەم:** پێش دەنگدان ،لەسەر لێسەندنەوەی متمانە، سەرۆك ڕێگا دەدات بە ئاخاوتن لەسەر ئەم بابەتە، بە(٢) دوو ئەندام لەوانەی داوای لێوەرگرتنەوەی متمانە دەکەن و (٢) دوو ئەندامیش لەوانەی دژی لێسەندنەوەی متمانەن

**چوارەم:** سەرۆك وەزیران ، بە متمانە لێسەندراو هەژمار دەکرێت ، ئەگەر زۆرینەی (٣/٢) دوو لەسەر سێی ئەندامان بۆ لێسەندنەوەی متمانە دەنگیاندا.

**پێنجەم:** ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بە متمانە لێسەندراو هەژماردەکرێت ، ئەگەر زۆرینەی ڕەهای ئەندامان بۆ لێسەندنەوەی متمانە دەنگیاندا.

**شەشەم:** بابەتی لێسەندنەوەی متمانە، لە ماوەیەکدا، کە لە (٥) پێنج ڕۆژ زیاتر نەبێت، لە ڕۆژی پرساندنەوە ئەنجام دەدرێت.

**مادده ( ٧٥ ):**

**ئەگەر پرساندن بە وەرگرتنەوەی متمانە ، لە سەرۆك وەزیران كۆتایی پێهات، ئەوا كابینەی حكومەت، بەدەست لەكاركێشاوە هەژماردەكرێت و وەك حكومەتی كاربەڕێكەر بەردەوام دەبێت ، تا ئەو كاتەی بەپێی یاسا كارپێكراوەكان ، كابینەی نوێ پێكدەهێنرێت.**

**مادده ( ٧٦ ):**

**هەموو رێكارەكانی چاودێریكردنی پەرلەمان ، بۆ سەرۆك وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران ، سەرۆكی كۆمیسیۆن و دەستە سەربەخۆكان ، دەگرێتەوە.**

## بەشی هەشــتەم
## یاســادانان

**مادده ( ٧٧ ): مەبەست لە یاسا دانان:**

**یەكەم: دەركردنی یاسا و بڕیار.**

**دووەم: هەمواركردنی یاسا و بڕیارە كارپێكراوەكان.**

**سێیەم: بەركاركردن یان هەمواركردنی كارپێكردنی یاسا فیدراڵیەكان.**

**مادده ( ٧٨ ): پرۆسەی یاسادانان ، بریتیە لە گفتوگۆ و پەسەندكردنی:**

**یەكەم: پڕۆژە یاسا ، یان پڕۆژە بڕیار ، كە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێكردنەوە ، پێشكەش دەكرێن.**

**دووەم: پێشنیازی یاسا ، یان بڕیار كە لانی كەم ، لەلایەن (١٠) دە ئەندامەوە پێشكەش دەكرێن.**

**سێیەم: ئەو پڕۆژە یاسا و بڕیارانەی ، لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریەوە پێشكەش دەكرێن ، لەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بەخۆیان.**

**چوارەم: پێشنیازی ئەو یاسا و بڕیارانەی ، لەلایەن دامەزراوە فەرمییەكانەوە ، بە پێی یاسا كارپێكراوەكان ، پێشكەش دەكرێن.**

**مادده ( ٧٩ ): پێشنیازی یاساو بڕیار :**

**پێشنیازی یاسا و بڕیارەكان، كە لەلایەن ژمارەی پێوست لە ئەندامانەوە، پێشكەش دەكرێن، پێویستە شێوازی یاسادانان لەخۆ بگرن و لە ماوەی (١٤) چواردە رۆژدا، لە رێكەوتی پێشكەشكردنیانەوە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە بەهەماهەنگی، لەگەڵ دەستەی سەرۆكایەتی بڕیاریان لەسەر دەدرێت لەسەر بنەمای گونجاندنییان لەگەڵ یەكێك لەم پێوەرانەی:**

**یەكەم: هەبوونی بابەتێكی گشتی، كە پێویستی بەدەركردنی یاسا، یان بڕیارێك بێت.**

**دووەم: هەبوونی بۆشاییەكی یاسایی.**

**سێیەم: ئەگەر،كێشە لە جێبەجێكردنی یاسا هەبێت و پێویستیی، بە هەمواركردنەوە بێت.**

**چوارەم: پێویستە لە دەرچوواندنی ئەو یاسا و بڕیارە، ڕەچاوی بارگرانی دارایی، لەسەر حكومەت بكرێت.**

**مادده ( ٨٠ ):**

**یەکەم:** دوای تێڕوانینی پێشنیازی یاسا یان بڕیارەکە ، لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەی یاساییەوە ، ئەگەر دەرکەوت یەکێك لەو پێوەرانەی تێدانییە کە لە ماددەی (٧٩)ی ئەم پەیڕەوەدا ، هاتووە ، ڕەتدەکرێتەوە و خوێندنەوەی یەکەمی ، بۆ ناکرێت.

**دووەم:** لەکاتێکدا ئەندامانی پەرلەمان ، کە پێشنیازی یاسا یان بڕیارەکەیان پێشکەشکردووە ، ڕای دەستەی سەرۆکایەتی ، و لیژنەی یاسایی بۆیان بڕوا پێهێنەر نەبوو ، بابەتەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەری .

**سێیەم:** ئەگەر پێشنیازی یاسا ، یان بڕیارەکە ، بە شێوەیەکی گشتی ، ڕەتنەکرایەوە ، بەڵام دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەی یاسایی ، تێبینییان لە سەر پێشنیازەکە هەبوو ، لەو حاڵەتەدا بۆ ئەو ئەندامانەی پێشکەشیان کردووە دەگەڕێندرێتەوە ، بۆ ڕەچاوکردنی تێبینیەکان و دووبارە پێشکەشکردنەوەی .

**چوارەم:** کاتێك پرۆژە ، یان پێشنیازەکە ، لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەی یاساییەوە ، ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت ، لە یەکەم دانیشتنی دوای ڕەزامەندییەکە ، دەخرێتە بەرنامەی کارەوە.

**مادده ( ٨١ ):**

**یەکەم:** هیچ پرۆژە پێشنیازێك، وەرناگیرێت، ئەگەر هەمان ناوەڕۆکی هەبێت، لەگەڵ پرۆژە پێشنیازێکی تر، کە لەژێر دەستی لیژنەی تایبەتمەند دایە بۆ ڕاپۆرت نووسین.

**دووەم:** ئەگەر لیژنەی تایبەتمەند بۆی دەرکەوت، کە لە نێوان پرۆژە یاسا و پێشنیازی یاسا دژیەکی هەیە لە ڕووی بنەما بنەرەتییەکانەوە ئەوا لیژنە بەراپۆرتی، تایبەت ڕای خۆی پێشکەشی پەرلەمان دەکات، ئەگەر هەریەکێکیان، لەڕووی بنەماوە پەسەندکرا، مانای ڕەتکردنەوەی ئەوەی ترە و دواتر لیژنە ڕێکاری یاسایی خۆی دەگرێتەبەر.

**سێیەم:** پرۆژە یاسا، بە بنەما دادەنرێت، ئەگەر پێشنیازی یاسای تر، پێشکەشکراو لە ڕووی بنەماوە یەکبوون، بە مەرجێك پێشنیازی یاسا نەچووبێتە قۆناغی ڕاپۆرت نووسین.

**چوارەم:** ئەگەر پێشنیازی یاسا ڕەتکرایەوە، لە هەمان وەرزی یاسادانانندا، پێشکەش ناکرێتەوە.

**مادده ( ٨٢ ):**

لە هەر وەرزێکی یاسادانانندا تەنیا لە مانگی یەکەمی وەرزی یاسادانانندا ، ئەندامانی پەرلەمان ، دەتوانن پێشنیازی یاسا ، پێشکەش بکەن تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە دۆخێکی تایبەت بێتە پێش و پێویستیی بە یاسا ، یان بڕیارێکی بەپەلە هەبێت و لەوبارەش دەستەی سەرۆکایەتی هەڵسەنگاندن بۆ پێویستیی و بە پەلەیی یاسا یان بڕیارەکە دەکات .

**ماددەی ( ٨٣ ):**

**یەکەم:** ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی، لەلایەن حکومەت پێشکەش دەکرێن، ڕاستەوخۆ لە یەکەمین دانیشتن دوای گەیشتنیان بە پەرلەمان، خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێت.

**دووەم:** ئەگەر پرۆژەکە یان پێشنیازەکە لە تایبەتمەندیی زیاتر لە یەك لیژنە بوو، دەستەی سەرۆکایەتی، بەهەماهەنگی، لەگەڵ لیژنەی یاسایی، بریار دەدات بە بەشکردنی پرۆژە یان پێشنیازەکە و ناردنی هەر بەشەو بۆ لیژنەی تایبەتمەند ، لیژنەش تەنیا لە سەر ئەو بەشە راپۆرت ئامادە دەکات کە ئاراستەی کراوە.

**ماددەی ( ٨٤ ):**

**یەکەم:** دەبێت لیژنەی تایبەتمەند ، لە ماوەی (٢١) بیست و یەك رۆژدا ، راپۆرتی خۆی، لەسەر پرۆژە ، یان پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان ، ئامادە بکات.

**دووەم:** ئەگەر پڕۆژە یان پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان، بە شێوەی بەپەلە ، ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند کرابێت ، دەبێت لە ماوەی (٧) حەوت رۆژدا ، راپۆرتی خۆی پێشکەش بکات.

**سێیەم:** لیژنەی تایبەتمەند ، دەتوانێت بۆ ئامادەکردنی راپۆرت ، لەسەر پڕۆژە ، یان پێشنیازی یاسا و بریارەکان ، هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بکات.

**چوارەم:** ئەگەر لە ماوەی دیاریکراودا ، لیژنەی تایبەتمەند، راپۆرتی ئامادەنەکرد جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان ، سەرۆکی لیژنە ئاگاداردەکاتەوە و ، دەبێت لیژنە لە ماوەی (٤) چوار رۆژدا ، لە رۆژی گەیشتنی ئاگادارکردنەوەکە ، راپۆرتی هۆداری خۆی پێشکەش بکات و بریاری دەستەی سەرۆکایەتی لەم بارەیە ، یەکلاکەرەوە دەبێت .

**ماددە ( ٨٥ ):**

**یەکەم:** راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند ، دەدرێتە لیژنەی یاسایی بۆ پێداچوونەوەی راپۆرتەکە ، لە ماوەی (١٠) دە رۆژ لە رێکەوتی گەیشتنی، تەنیا لە رووی دارشتنەوەی یاسایی و دڵنیابوون لە دژنەبوونی دەقەکان ، لەگەڵ دەستور و یاسا کارپێکراوەکان.

**دووەم:** ئەگەر پرۆژە، یان پێشنیازی یاسا و بڕیارەکە، بە (خەسلەتی پەلە) ئاراستە کرابێت دەبێ لیژنەی یاسایی ، لە ماوەی (٥) پێنج رۆژدا، پێداچوونەوەی خۆی بکات.

**سێیەم:** راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند ، خوێندنەوەی دووەمی بۆ ناکرێت ، تا لەڕووی دەستووریی و یاسا کارپێکراوەکان ، لەلایەن لیژنەی یاساییەوە راستاندنی بۆ نەکرێت.

**ماددەی( ٨٦ ):**

دەبێ جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان ، (٤٨) چل و هەشت کاتژمێر پێش خوێندنەوەی دووەم ، راپۆرتی راستێندراوی لیژنەی تایبەت بۆ ئەندامان دەستەبەر بکات.

**ماددەی ( ٨٧ ):**

**یەکەم:** خوێندنەوەی دووەم، بە خوێندنەوەی دەقی پرۆژە، یان پێشنیازەکە، دەستپێدەکات، دواتر راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند، دەخرێتەڕوو.

**دووەم:** ئەگەر راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند، دارشتنێکی نوێی پێشنیاز کردبێت بۆ پرۆژە یان پێشنیازەکە، بەدەنگدان بڕیار لە سەر وەرگرتنی ئەو دارشتنە بە بنەما بۆ گفتوگۆکردن دەدرێت.

**ماددەی( ٨٨ ):**

**یەکەم:** ئەو ئەندامەی ناوی تۆمارکراوە، دەتوانێت، لەسەر هەر ماددەیەك تەنیا یەکجار بدوێت و نابێت لە (٢) دوو خولەك، تێپەر بکات.

**دووەم:** ئەگەر لە کاتی گفتوگۆکردنی پرۆژە یان پێشنیازەکە، وەزیری پەیوەندیدار ئامادەبوو، دەتوانێت لە بارەی هەر ماددەیەکەوە (٢) دوو خولەك بدوێت.

**ماددە ( ٨٩ ):**

**یەکەم:** لەو دانیشتنەی بۆ خوێندنەوەی دووەم تەرخانکراوە، دەنگدان لەسەر پرۆژە، یان پێشنیازەکە ناکرێت.

**دووەم:** لیژنەی تایبەتمەند ، بە هەماهەنگیی ، لەگەڵ لیژنەی یاسایی ، سەرجەم پێشنیاز و رایەکان بەهەند وەردەگرن و سەرلەنوێ داڕشتنەوە، بۆ ئەو ماددانە دەکەن ، کە پێویستە دابرێژرێنەوە ، ئەگەر پێویستی کرد روونکردنەوەش دەدەن.

**ماددەی ( ٩٠ ):**

**یەکەم:** دانیشتنی دەنگدان، لە سەر پرۆژە، یان پێشنیازەکە، نابێت لە هەفتەیەك زیاتر، لە دوای دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم، تێپەر بکات.

**دووەم:** ئەندام، لەو ماوەیەدا، دەتوانێت داوای بینینی داڕشتنەوەی کۆتایی، لە جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند بکات.

**سێیەم:** لە دانیشتنی دەنگدان، رێ بە گفتوگۆ یان پێشکەشکردنی پێشنیازی تازە نادرێت.

**ماددەی ( ٩١ ):**

**یەکەم:** دەنگدان، لە سەر ناوی یاسا یان بریارەکە دەسپێدەکات، دواتر یەکە بە یەکەی ماددەکان و کۆتایی بە دەنگدان لە سەر هۆیەکانی دەرچواندن، دواجار گشت یاسا یان بریارەکە دەنگی لەسەر دەدرێت.

**دووەم:** لەکاتی بوونی زیاتر، لە یەك پێشنیاز، هەموو پێشنیازەکان، دەخرێنە دەنگدان، کامیان زۆرینەی دەنگی هێنا بە پەسەندکراو دادەنرێت.

**سێیەم:** لە خستنە دەنگدانی رایەکان پێویستە ئەو ڕایەی دەخرێتە دەنگدان بەلایەنی کەم (٣) سێ ئەندام پشتگیریی ڕایەکە بکات، جگە لەو (٢) دوو ئەندامەی بۆ ئاخاوتن دەکەونە ریزبەندی کۆتایی.

**ماددەی ( ٩٢ ):**

پەرلەمان، بە (خەسلەتی پەلە) دەروانێتە پرۆژە و بڕیاری تایبەت، بە بودجە و ئیعتماداتی زێدەگی و ژمێرەی کۆتایی، هەروەها دەتوانێت بڕیار لەسەر هەر بابەتێکی تری بەپەلە بدات.

**ماددەی ( ٩٣ ):**

**یەکەم:** یاسا و بڕیارەکان، بە زۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان، پەسەند دەکرێن، جگە لەو حاڵەتانەی پێویستییان بە زۆرینەی تایبەت هەیە.

**دووەم:** سەرۆك بە پێی ئەنجامی دەنگدان، بڕیاری پەرلەمان بە رەزامەندی، یان رەتکردنەوە لە سەر یاسا و بڕیارەکان رادەگەیەنێت.

**ماددەی ( ٩٤ ):**

دەبێت یاسا و بڕیارەکان، لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا، لە ڕێکەوتی پەسەندکردنیانەوە، بنێردرێن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بەمەبەستی دەرچواندنیان.

**ماددەی ( ٩٥ ):**

**یەکەم:** ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم ، لە ماوەی ئەو (١٥) پازدە رۆژەدا ، بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، یاسا یان بڕیارەکەی بەشێوەیەکی گشتی (كلي) یان بەشێك (جزئي) رەتکردەوە ، لەو کاتە ، دەبێ لیژنەی تایبەتمەند لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژدا ، راپۆرتی خۆی بنوسێت ، پاشان لە یەکەمین دانیشتنی دوای تەواوکردنی ، راپۆرتەکە ، دێتە ناو پەرلەمان و بریاری پەرلەمان لەوبارەوە ، یەکلاکەرەوە دەبێت ، یان بە رای سەرۆکی هەرێم وەردەگرێت و راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند تاوتویێ دەکریت یان بەدەنگی زۆرینەی ئەندامان پێداگیری لەسەر رای خۆی دەکات و ئەم جارەش رای پەرلەمان رەتناکرێتەوە.

**دووەم:** سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم دەتوانێت ئامادەی دانیشتنەکە ببێت.

**ماددەی ( ٩٦ ):**

ئەگەر، گومان لە سەر دەنگدان هەبوو ، لایەنی کەم (٥) پێنج ئەندام ، داوای دووبارەکردنەوەی دەنگدانیان کرد دەبێت دەنگدان دووبارەبکرێتەوە.

**ماددە ( ٩٧ ):**

لەکاتی گفتوگۆکردندا ، لەسەر هەر پرۆژە و پێشنیازی یاسا و بڕیارێك ئەگەر رای جیاواز سەبارەت بە پەسەندکردن دروست بوو ، ئەولەویەت لە دەنگدان بەپێی ئەو ریزبەندیەی دەبێت:

**یەکەم:** پێشنیازی رەتکردنەوەی پرۆژە یان پێشنیازەکە.

**دووەم:** پێشنیازی گەڕاندنەوەی پرۆژەکە، بۆ حکومەت.

**سێیەم:** گەڕاندنەوەی پرۆژە یان پێشنیازەکە بۆ لیژنەی تایبەتمەند، کە راپۆرتی ئامادە کردووە.

**چوارەم:** پێشنیازی دواخستنی گفتوگۆ بۆ دانیشتنێکی تر.

## بەشی نۆیەم
## بـــودجـە

**ماددەی ( ٩٨ ):**

**یەکەم:** لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك و بەر لەساڵی دارایی، بە مەبەستی گفتوگۆ، پرۆژە بودجە بۆ پەرلەمان بنێرێت.

**دووەم:** لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران پێویستە، لە کۆتایی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا، ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو، بۆ پەرلەمان بنێرت.

**سێیەم:** ئەگەر پرۆژە بودجە و ژمێرەی کۆتایی، لەو ڕێکەوتەی لە برگەی (یەکەم و دووەم)ی ئەم ماددەیەدا، دیاریکراوە نەگەیشتە پەرلەمان، پەرلەمان داوای ڕوونکردنەوە، لە وەزیری دارایی دەکات، ئەگەر هۆکاری گونجاو هەبوو ماوەیەکی پێدەدات کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ تێپەڕ نەکات.

**ماددەی ( ٩٩ ):**

دەستەی سەرۆکایەتی ، لە نزیکترین دانیشتنی پەرلەماندا ، پاش گەیشتنی پرۆژەکە، لەلایەن حکومەتەوە ، پرۆژەکە ئاراستەی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و ئەندامانی پەرلەمانی دەکات.

**ماددەی ( ١٠٠ ) :**

هەر لیژنەیەك لەڕێی دەستەی سەرۆکایەتیەوە تێبینییەکانی خۆی دەربارەی ئەو بەشەی پەیوەستە بەتایبەتمەندی خۆیەوە لە نێو پرۆژە بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی و لەماوەی (١٠) دە رۆژدا، دەداتە لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری

**ماددەی ( ١٠١ ) :**

**یەکەم:** لەسەر لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری ، راپۆرتی بودجە و ژمێرەی کۆتایی خۆی ، دەربارەی پرۆژەکە لە ماوەیەکدا لە (٢١) بیست ویەك رۆژدا ، دوای گەیشتنی راپۆرتی لیژنەکان ، پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی بکات .

**دووەم:** پێویستە دەستەی سەرۆکایەتی، لە یەکەمین دانیشتن لەدوای گەیشتنی، راپۆرتەکە بخاتە بەرنامەی کارەوە.

**سێیەم:** ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەرچوو ، لیژنەکە نەیتوانی راپۆرت پێشکەش بکات، دەستەی سەرۆکایەتی ، دەتوانێت ماوەیەکی تری پێبدات لە (١٠) دە رۆژ تێپەرنەکات، ئەگەر لەو ماوەیشدا ، راپۆرتی پێشکەش نەکرد ، بەپشت بەستن بە راپۆرتی لیژنە پەرلەمانییەکان ، دوای رێکخستنیان ، لەلایەن لیژنەی یاساییەوە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت.

**ماددە ( ١٠٢ ):**

**یەکەم:** راپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بەسەر ئەندامەندا دابەش دەکرێت و ناکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە دەست بە گفتوگۆ بکرێت بەر لە تێپەربوونی (٤٨) چل وهەشت کاتژمێر بەسەر دابەشکردنیدا.

**دووەم:** راپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، کۆکەرەوەی سەرجەم راپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکان و رای کۆتایی لیژنەی دارایی و ئابووری دەبێت.

**ماددەی ( ١٠٣ ):**

**یەکەم:** پەرلەمان، دەتوانێت تەرخانکراوی پرۆژەی بودجە هەڵبوەشێنێتەوە، یان کەمی بکاتەوە، یان لە ماددەیەك بۆ ماددەیەکی تر، یان لەبەشێك بۆ بەشێکی تر، یان لە دەروازەیەك بۆ دەروازەیەکی تر بیگوازێتەوە.

**دووەم:** پێشنیازی زیادکردنی تەرخانکراوی پرۆژە بودجە، یان هێنانەکایەی تێچووی نوێ، یان کەمکردنەوەی داهاتەکان، پەسند ناکرێت، تەنیا لەو بارەوە نەبێت کە، پەرلەمان بتوانێت، بروا بە حکومەت بهێنێت.

**ماددەی ( ١٠٤ ):**

**یەکەم:** وەزیری پەیوەندیدار، راپۆرتی حکومەت، سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجە دەخاتەڕوو، پاشان لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، راپۆرتی هاوبەشی لیژنەکانی پەرلەمان، پێشکەش دەکات.

**دووەم:** راپۆرتەکان، بە شێوەیەکی گشتی، گفتوگۆییان لەبارەوە، دەکرێت پێش چوونەسەر گفتوگۆکردنی دەروازەکانی پرۆژە بودجە و بڕیاردانی بەندەکانی، هەر ئەندامێك دەتوانێت بۆ ماوەیەك لە (١٠) دە خولەك تێپەڕ نەکات، بە شێوەیەکی گشتی گفتوگۆ لەسەر راپۆرتەکان بکات.

**ماددەی ( ١٠٥ ):**

**یەکەم:** لیژنە، (بەشەکانی) پڕۆژە بوودجە دەخاتەڕوو، بۆ گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەریان، مادده بە مادده.

**دووەم:** هەرئەندامێك دەتوانێت لەسەر هەر ماددەیەك بۆ ماوەیەك لە (٣) خولەك تێپەڕنەکات، گفتوگۆبکات.

**ماددەی ( ١٠٦ ):**

دەنگدان، بەپێی ماددەی (٩١)ی ئەم پەیڕەوە دەبێت.

**ماددەی ( ١٠٧ )**

پەرلەمان ، بودجەیەکی تایبەتی دەبێت ، کە سەرۆکایەتی دیوان ، بەهەماهەنگیی لەگەڵ لیژنەی دەسپاکیی و کاروباری پەرلەمان وسکالاٚ ، ئامادەی دەکات و پاش پەسەندکردنی لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە دەخرێتە نێو بودجەی گشتی.

**ماددەی ( ١٠٨ ):**

بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریی پەرلەمان، لەکۆتایی هەر ساڵێکی داراییدا هەڵدەستێت بەدانانی ژمێرەی کۆتایی و بەرێکارە کارگێڕییەکان دەخرێتە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ڕازیبوون لەسەری و ڕەوانەکردنی بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری، بە مەبەستی پێداچوونەوە و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتێك لەبارەیەوە، بۆ پەرلەمان.

**ماددەی ( ١٠٩ )**

ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك، کە لە دەرەوەی ئیرادەی حکومەت بێت، ئامادەکردن یان پێشکەشکردنی پڕۆژە بودجە، بکەوێتە دوای دەستپێکی ساڵی دارایی، ئەوا بۆ هەر مانگێك کە بودجە دواکەوتووە، رێژەی (١٢/١) ئەو تەرخانکراوەی بۆ ساڵی دارایی رابردوو بڕیاری لەسەر درابوو خەرج دەکرێت.

## بەشی دەیەم
## فراکسیۆن و ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی

### یەکەم/ فراکسیۆن

**ماددەی ( ١١٠ ):**

**یەکەم:** هەر پارت و قەوارەیەکی سیاسی، بەشداریی، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکات، خاوەنی لیست و بەرنامەی هەڵبژاردن بێت و کورسی بەدەست هێنا دەبێتە فراکسیۆن.

**دووەم:** پەرلەمانتار ئازادە لەکاری پەرلەمانیی ، بەلاٚم هەرکاتێك ئەندامی فراکسیۆنێك لە فراکسیۆنەکەی خۆی جیا بۆوە، یاخود چووە پاڵ فراکسیۆنێکی تر ، ئەوا ئەندامێتیەتی خۆی لە دەستدەدات لە پەرلەمان و کەسێکی تر ، لەو فراکسیۆنە بەپێی ڕێزبەندی شوێنی پردەکاتەوە بەرەزامەندی پەرلەمان.

**سێیەم:** دەستەی سەرۆکایەتی ، بەپێی پێوەری کورسی پەرلەمانی، بۆ ڕاپەراندنی کاروچالاٚکیی ، بودجەیەك بۆ فراکسیۆن دیاریی دەکات ، ئەم بودجەیە دەکەوێتە ژێر ڕێکارە داراییەکانەوە.

### دووەم/ ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی

**ماددەی ( ١١١ ):**

ئەو فراکسیۆنە پەرلەمانییانە دەگرێتەوە ، کە بەشداری پێکهێنانی کابینەی حکومەتیان نەکردووە ، یان لێی دەکشێنەوە و ئازادیی کاری پەرلەمانی و ئۆپۆزسیۆنییان، بۆ دەستبەر دەکرێت.

## بەشی یازدەیەم
## دیوانی پەرلەمان و نووسینگەکانی پەرلەمان

**یەکەم/ دیوانی پەرلەمان**

**ماددەی ( ١١٢ ):**

پەرلەمان بۆ ڕاپەراندنی کاروبارەکانی دیوانێکی دەبێت، لە لایەن سەرۆکێکەوە بەپلەی تایبەت، بەڕێوەدەبرێت.

**ماددەی ( ١١٣ ):**

**یەکەم:** سەرۆکی دیوان، بە فەرمانێك، لە لایەن سەرۆکەوە، دادەمەزرێت و لە بەردەمیدا، بەرپرسیار دەبێت.

**دووەم:** سەرۆکی دیوان ئەرکەکانی بەپێی یاسا کارپێکراوەکان و ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن سەرۆکەوە پێی دەدرێت پیادە دەکات.

**سێیەم:** پێکهاتە و دابەشکردنی کارگێریی دیوانی پەرلەمان، لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە، بە پەیڕەوێکی تایبەت ڕێك دەخرێت.

**ماددەی ( ١١٤ ):**

دیوانی پەرلەمان، لەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتییانەی پێك دێت:

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان.

**دووەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی.

**سێیەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان.

**ماددەی ( ١١٥ ):**

هەریەك لە سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان و بەڕێوەبەرایەتی پرۆتۆکۆل و هاریکاریی نێودەولەتی، بە دەستەی سەرۆکایەتیەوە پەیوەست دەبن .

**دووەم/ نووسینگەکانی پەرلەمان**

**ماددەی ( ١١٦ ):**

دەستەی سەرۆکایەتی، دەتوانێت لە ناوەندی پارێزگاکان و هەرشوێنێکی دی پێویست بکات، نوسینگە بکاتەوە.

**ماددەی ( ١١٧ )**

**یەکەم:** نوسینگە هەڵدەستی بەوەرگرتن و گەیاندنی داواکاری و سکاڵای هاوڵاتیان بەئەندامانی پەرلەمان لەو نوسینگەیە، تا ڕەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت بە مەبەستی بە دواداچوون و وەڵامدانەوە و گەیاندنەوەی وەڵامەکان بەخاوەنەکانیان.

**دووەم:** پێویستە سکاڵاکان لە ژێر دادبینیدا نەبێت و قوناغەکانی بەدواداچوونی لە لایەنی تایبەتمەند، بڕیبێت.

**سێیەم:** هەر نوسینگەیەك، بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی چەند کارمەندێکی دەبێت، یەکێك لە کارمەندەکان دەبێتە بەڕێوەبەری کارگێریی نوسینگە، ژمارە و چۆنێتی کارکردنیان لە لایەن سەرۆکی دیوانی پەرلەمانەوە دیاری دەکرێت.

**چوارەم:** پەرلەمان، پێویستیی و خەرجییەکانی نوسینگەکان، دابین دەکات.

## بەشی دوازدەیەم
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی ( ١١٨ ):**

**یەکەم:** پەرلەمان پاسەوانی تایبەتی دەبێت و دەکەونە بەر فەرمانی سەرۆك.

**دووەم:** سەرۆك، قەبارەی ئەو هێزە و ژمارەی تاکەکانی دیاری دەکات، کە بە تەواوی دەزانێت بۆ پاراستنی ڕێکاریی و پاسەوانی، لە پەرلەمان.

**سێیەم:** هێنانە ژوورەوەی چەکی ئاگرین، یان برینداركار، بۆ ناو باڵەخانەی پەرلەمان قەدەغەیە.

**چوارەم:** جگە لە پاسەوانی پەرلەمان، بۆ هیچ چەکدارێك، یان هێزێکی چەکدار نییە، بچێتە نێو باڵەخانەی پەرلەمان و بۆیان نییە لە نزیك دەرگاکانی بمێننەوە تەنیا بە ڕەزامەندی سەرۆك نەبێت.

**ماددەی ( ١١٩ ):**

پەرلەمان، دەتوانێت لەنێو ئەندامەکانیدا، شاند ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم بکات و داوەتی شاندیش بکات بۆ سەردانیکردنی.

**ماددەی ( ١٢٠ ):**

بەپشت بەستن، بە ڕاپۆرتی پزیشکی تایبەتمەند، دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانێت، یارمەتی ئەو ئەندامە بدات، کە تووشی نەخۆشیەك دێت و پێویستی بە چارەسەر دەبێت، لەناوەوە، یان لەدەرەوەی هەرێم.

**ماددەی ( ١٢١ ):**

راوێژکارانی پەرلەمان، لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە دیاری دەکرێن بەپێی (الوصف الوظيفي)، ماف و ئەرك و موچە و ئیمتیازاتەکانیان بەپێی یاسا بەرکارەکان، دیاری دەکرێت.

**ماددەی ( ١٢٢ ):**

دەستەی سەرۆکایەتی، نووسراو بۆ پەرلەمانتارە خانەنشینکراوەکان دەکات. بۆ کارئاسانی، لە ڕاپەراندنی کاروبارەکانیان، لە دام و دەزگا فەرمییەکان.

**ماددەی ( ١٢٣ ):** دەستەی سەرۆکایەتی، دەرماڵەی تایبەت بۆ پەرلەمان دیاری دەکات.

**ماددەی ( ١٢٤ ):** دەکرێت پەرلەمان، گروپی هەماهەنگی، لەگەڵ پەرلەمانتارانی عێراق و دەرەوەدا پێکبهێنێت.

**ماددەی ( ١٢٥ ):**دەکرێت حوکمەکانی ئەم پەیرەوە، هەموو، یان بەشێکی، یان هەر ماددەیەکی، لەسەر پێشنیازی (١/٤) چوار یەکی ئەندامان، بەڕەزامەندیی زۆرینەی ئامادەبووان، هەموار بکرێتەوە بەهەمان رێکاری یاسادانان.

**ماددەی ( ١٢٦ ):**ئەم پەیڕەوە، لەڕێکەوتی دەرچواندنی کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە و کار بە هیچ پەیڕەوێکی تر ناکرێت.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شکراللە** | **جعفر ابراهيم ئێمینکی** | **یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |